https://www.doi.org/10.31918/twejer.2252.16

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی شێخ جەلالەدینی حوسێنی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ١٩٧٩

سەهەند عەبدولسەتار مستەفا

پ. ی. د. شاخەوان عەبدوڵڵا سابر

**پوختە:**

شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوویی بوو، کە کۆتایی بە دەسەڵاتی پادشایەتی لەو وڵاتە هێنا، تیایدا چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ئاینی و نەتەوایەتی ڕۆڵیان تیادا گێرا، لە ناویشیاندا شێخ جەلالەدینی حوسێنی وەک ڕابەرێکی ئاینی و سیاسی و ڕۆشەنبیری لە مەیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی ئێران زیاتر دەرکەوت، ئەویش لە ڕێگای وتارەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩، هەروەها دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری بانە وەک سەرۆکی شورای ئەم شارە دەستنیشاندەکرێت، ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ وەدیهێنانی ئاشتەوایی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم شۆڕشە ئەوەندە خێرا بوون بە تایبەتی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بوون هەلی بە سەرکردەکانی کورد نەدا لە ڕێگای ئەم ئاشتەواییەوە، لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخ نوێیە بە مافەکانیان بگەن ئەویش بریتی بوو لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی- خودموختاری.

وشە کلیلییەکان : شێخ جەلالەدین، کوردەکان، حکومەتی ئێران، بانە، پیاوانی ئاینی.

## ڕۆڵی شێخ جەلالەدینی حوسێنی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ١٩٧٩

### پێشەکی

لە ڕاستیدا توێژینەوەکردن لە سەر ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکان بایەخ و گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە، بەو پێیەی کە ئەو کەسایەتییانە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە ڕووداوە مێژووییەکان، هەروەها گەواهیدەرێکی زیندووی بەشێکی گرنگی پەرەسەندنە سیاسییەکان بوون، هەر لەبەرئەوەشە توێژینەوە لە ژیان و پەرەسەندنەکانی ڕۆژگاری ئەو کەسایەتییانە شوێنی شایستەی خۆیان لە ناو تێز و نامە و توێژینەوە مێژووییەکان داگیرکردووە، دیارە گەلی کوردیش خودان کەسایەتیی سیاسیی ڕۆشەنبیری زۆرن کە مێژوویان بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتەکەیان، بەو پێیەی کە ژمارەیەک لەو کەسایەتییانە تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیرییان ئەنجامنەدراوە، بۆیە ئەو هەوڵەی ئێمە دەچێتە چوارچێوەی پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرەی کە هەیە لە مێژووی بزاڤی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەویش بە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی ئەو بەشەی کوردستانە.

**ئامانج لە توێژینەوە** : ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکیی ئەم باسەیە دەرخستن و خستنەڕووی کەسایەتی و ڕۆڵ و چالاکییە سیاسی و ڕۆشەنبیرییەکانی جەلالەدین حوسێنی و لەگەڵیشدا خستنەڕووی وێنە گەورەکەی هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتە سیاسییانەی کە لە ماوەی توێژینەوەکە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕوویانداوە بە تایبەتی ئەو پەرەسەندنانەی کە ناوبراو ڕۆڵ و هەڵوێستیان لەهەمبەریاندا هەبووە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بە پەیڕەوی ڕێبازی شیکاریی مێژوویی، و پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان لەوانەش بەڵگەنامە و یاداشت و سازدانی دیمانە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی کە نزیک بوونە لە خودی شێخ جەلال یاخود بەشداربوونە لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ماوەی توێژینەوەکە.

**توێژینەوەکە بە ناونیشانی** (ڕۆڵی جەلالەدینی حوسێنی لە شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩- توێژینەوەیەکی مێژووییە)

**لە توێژینەوەکەدا سوودمان لەچەند سەرچاوەیەکی گرنگ وەرگرتووە؛** کە خۆی دەبینێتەوە لە دەستنووسی خودی جەلالەدین و ژمارەیەکی زۆری وتارە ڕادیۆییەکانی لە دەنگی خەباتی پارتەکەی و هەروەها یادداشت و بیرەوەریی کەسایەتییەکانیش وەکو سەرچاوەی ڕەسەن لە نووسینی ئەو توێژینەوە سوودیان لێوەرگیراوە، بایەخ و گرنگیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێک لەو یاداشتانەی بەکارهاتوون نووسەرەکانیان هاوسەردەمی ماوەی توێژینەوەکەن، هەندێکیشیان بەشدارییان لە ڕووداو پەرەسەندنەکانی ئەو ڕۆژگارە کردووە، لەوانەش (ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران) لە نوسینی سەعید کاوە. (ئاڵەکۆک بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)، غەنی بلوریان، هەروەها سوودی زۆر لە هەردوو سەرچاوەی (ڕژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩) لە نووسینی هۆشمەند عەلی مەحمود، و پەرتووکی (کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩) ، دانەرەکەی (یاسین سەردەشتی)یە, گرنگیی هەردوو سەرچاوەکە لەوەدا خۆیان دەبیننەوە کە لە بنچینەدا دوو کارنامەی زانستین، و زانیاریی گرنگیان دەربارەی پەرەسەندنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەخۆگرتووە،

جگە لەوەش هەردوو سەرچاوە هاوسەردەمی توێژینەوەکەی ئێمەن، ئەمە و سەرباری سازکردنی چەند دیمانەیەکی کەسی و ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات کە هاوسەردەمی ژیانی شێخ جەلالەدین بوونە، کە بەهۆی زانیارییەکانیان لە سەرچاوەی نووسراو چەنگ ناکەون، توێژەر کۆمەڵێک کەلەبەری نێو توێژینەوەی پڕکردوونەتەوە، هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش کەرەستەی تری نووسینەوەی توێژینەوەکەن، لەوانەش ڕۆژنامەی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژنامەی تێکۆشانی زمانحاڵی سازمانی خەبات کە هاوسەردەمی ماوەی توێژینەوەکەن توێژەر سوودی زۆری لێوەرگرتوون.

**لە ئەنجامدانی هەر کارێکی زانستی** کۆمەڵە گرفێک دێتەڕێ، لە کاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دووچار چەند ئاستەنگێک بووینەوە، لەوانە دەستنەکەوتنی کۆمەڵێک بەڵگەنامە، کە گرنگیی تایبەتی خۆیانیان دەبوو لە نووسینی توێژینەوەکە، هەروەها لەناوچوونی بەشێک لە ئەرشیفی شێخ جەلالەدین بە تایبەتی لە کاتی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی بانە، سەرەڕای کێشە و ململانێی ناوخۆی کوردستان بە تایبەتی دوای ساڵانی دوو هەزارەکان لە ئەنجامی ناکۆکی و بەریەککەوتنەکانی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کە شێخ جەلالەدین سەرکردایەتی کردووە، لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری ڕانیە کە بووە هۆی دوورخستنەوەیان لە ناوچەکە، بەمەش زۆرێک لە دەستنووس و بەڵگەنامەکانی ئەم پارتەی ناوبراویش فەوتان، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا کە هەندێک جار بەربەستی لەبەردەم کارەکەماندا دروستدەکرد.

## ژیانی شێخ جەلالەدین حوسێنی:

شێخ جەلالەدینی "حوسێنی"[1] ناوی جەلالەدین کوڕی سەید ساڵح واژەییە (حسێنی[2]، پەیوەندیی تەلەفۆنی: ٢٢حوزەیرانی٢٠٢١)، لە ڕۆژی هەینی ٢٦ ڕەجەبی ١٣٤٦کۆچی مانگی و ١٣٠٦ کۆچی خۆری٢٠ کانونی دووەمی ١٩٢٨ی زاینی لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە شاری بانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایکبووە (فەرد، ڕۆژنامە( تێکۆشان)، ژ: ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠) لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە لای باوکی دەست بە خوێندن دەکات (نەقشی، ٢٠١١: ٢), دوای فێربوونی ئەلف و بێ دەستی کردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز بە شێوازی زانستی جوان خوێندنەوە (تەجوید) (حسێنی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢سپتامبری٢٠١٠ )، هەر بە هەوڵ و یارمەتی باوکی دەست دەکات بە خوێندنی زمانی عەرەبی، فارسی و بەراییەکانی نەحو و سەرف(نحو صرف) زانستە شەرعییەکان (ستار، ٢٠١٥: ١١), دواتر هەموو ئەو زانستە شەرعییانەی کە لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان کە لەو ڕۆژگارە دەخوێنران وەک "سمایل نامە، ناگەهان، ئەی شەدە، ئەحمەدی شێخ مەحمودی نۆدێیی، گوڵستان، بوستان، تەرجیعات، و هەندێک چیرۆکی سەعدی شیرازی، ئیقبال نامەی مەلا کەریمی مودەریس، عەقیدەی شێخ سەمیع، سەهلة النوال نووسراوی باوکی لە مێژووی ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ)" خوێندووە (حوسێنی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٧-٨)، هەروەها تەسریفی زەنجانی و سەرف و میرات لە زانستی سەرفا عواملی جورجانی و مەتنی موغنی لە نەحودا لە لای باوکی خوێندووە، ئەم هەوڵانەی باوکی بۆ ناوبراو بۆ ئەوە بووە وەک سوختەیەک ئامادەی بکات بۆ چوونە حوجرە، دواتریش لای موستەعید بخوێنیت (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ٢٠١٨: ٤). دوای تەواوکردنی هەموو قۆناغ و پلەکانی خوێندن و دەستبەکاربوونی وەک مامۆستایەکی ئاینی لەپاڵ کاری

وانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک، لە ماڵ و حوجرەکەیدا شێخ جەلالەدین وانەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی  بە فەقێکانی و بە خەڵکانی جێی باوەڕی خۆی گوتۆتەوە، ناوبراو هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە بەشداری کاری سیاسی کردووە (ئەحمەدئاوایی، ڕۆژنامە (باسنیوس)، ژ: ٣١٥: ٢٠ی‌دیسەمبەری٢٠١٦)، بە هاندانی شێخ عیزەدینی برای و حاجی ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە (موهتەدی)، بۆ یەکەمین جار تێکەڵ بەکاری سیاسی دەبێت لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ دوو هاوڕێی بە ناوەکانی سەید تاهیری شەریفی واژەی و مەلا ساڵح خورخوڕەیی پەیوەندی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک. )دەکەن، ئەوەش بە یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسیی دادەنرێت (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣), ٢٠٠٨: ١٦٢). بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ زۆر دڵخۆش دەبێت، لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئالای کوردستانیش لە شاری بۆکان ئامادە بووە (حوسێنی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ١٢). ئەم هەستەشی لە ڕێگای  هۆنینەوەی هەندێک هۆنراوە و پەخشانی شۆڕشگێڕانە دەربڕیوە (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ٢٠١٨: ٦) جیا لەوەش هاتووچۆی هەریەک لە سەید محەمەدی حەمیدی و مەلا حەسەنی قزڵجی  دەکات لە نووسینگەی ڕۆژنامەی کوردستانی زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستان دێتە وەشاندن، بۆیەش دەستەی نووسەران هۆنراوەیەکی  شێخ جەلالیان لە ژمارە ٦١ ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە (ساڵح، ٢٠٠٩: ١١٩-١٢٠).

دەربارەی ڕۆڵی شێخ جەلالەدین لەو جولانەوە چەکدارییەی کە لە سالانی ١٩٦٧-١٩٦٨[٣] لە شارە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرپابوو، وا دەردەکەوێ کە ناوبراو دڵخۆشیی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر ئەم جوولانەوەیە، و پەیوەندی لەگەڵ هەریەک لە مەلا رەحیمی وردی قادری وردی و مەلا ئاوارە (ئەحمەد شەڵماشی) هەبووە کە سەرکردایەتی

ئەم جووڵانەوەیان کردووە وەکو پشت و پەنایێک بووە بۆیان (حەمەلاو، ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان, ١٧تەموزی ٢٠٢٠)، بۆیە شێخ جەلالەدین لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەک پشگیری و پاڵپشتی کردوون لە حوجرەی خۆی داڵدەیداون, جلوبەرگ مەلایانیان لەبەردەکرد وەک مەلا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، جیا لەوەش وەک وەفایەک بۆ یەکێک لە قوربانیانی جوڵانەوەکە کە (شەریف زادە بووە) هۆنراوەیەکی لە ڕۆژنامەی کوردستانی زمانحاڵی (ح. د. ک) بڵاوکردۆتەوە (پێشنماز، پەیوەندیی تەلەفۆنی: ١٣ ئەیلولی ٢٠٢١).

شێخ جەلالەدین وەک کەسایەتییەکی سیاسیی کوردستانی دووربینانە بیری کردۆتەوە خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردی لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان بەرز نرخاندووە، بۆ نموونە بە چاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتییە شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥) بۆ ئەم مەبەستە چەندین هۆنراوە و پەخشانی لە سەر پێشمەرگە و شۆڕش هۆنیونەتەوە، و نیگەرانی و دڵگرانی بەرانبەر بە نسکۆی شۆڕشەکە لە ساڵی١٩٧٥ بە هۆنینەوەی هۆنراوە دەربڕیوە (زاموا، پەیوەندیی تەلەفۆنی، ٢٣ سبتمبری ٢٠٢١).

لە بواری ژیانی خێزانیش شێخ جەلالەدین لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (فاتیمەی کچی حاجی مەلاکەریمی سەیدی کچی مامی) پێکهێناوە، هاوسەرگیرییەکەشیان لە سەر پێشنیازی مامی بووە، ناوبراو خاوەنی ٤ کوڕ و ٣ کچ بووە بە ناوەکانی "عبدالکریم، بابەشێخ، ئەسماء، عومەر، زەینەب، گوڵاڵە و بیرەوەر" ( بابەشێخ[٤]، چاوپێکەوتن، ٥ تەموزی ٢٠٢١) شێخ جەلالەدین لە تەمەنی٨٢ ساڵی بە دیاریکراوی لە ٢١ی تەموزی ٢٠١٠ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە لە گوندی واژەی شارباژێڕ بەخاکسپێردراوە (سەفا، گۆڤار، ژ: (٩), ٢٠١٠: ٤).

## چالاکییە سیاسییەکانی شێخ جەلالەدینی حوسێنی لە شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩:

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران١٩٧٨-١٩٧٩:

شۆڕشی گەلانی ئێران وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەو شۆڕشە بووە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتێکی بەهێز کە خاوەنی بەهێزترین سوپا بوو لە ناوچەکە هاوکات خاوەنی چەک و تەقەمەنیی سەردەمیانە بوو (نێروەی، ٢٠٠٨: ١٢٧)، جیا لەوەش شۆڕشی گەلانی ئێران شۆڕشێکی جەماوەری بوو, بە بەشداری هەموو پێکهاتەکان لە پیاوانی ئاینی و پارتە سیاسییەکانی ئێران، تورەیی و نارەزایی گەلانی ئێران لە دەسەڵاتێک کە سیاسەتێکی تاکڕەوانەیان پیادە دەکرد، لە ڕووی سیاسیشەوە سیستەمی حوکمڕانی لەو وڵاتە گۆڕا بۆ کۆماری لەسەر بنەمایەکی ئاینی و سیاسی (مەحمود، ٢٠١٢: ٢٨).

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی سەریهەڵدا، دەتوانین لە چەند خاڵێک بیانخەینەڕوو، لەوانەش:

**١-هۆکاری سیاسی:** دەسەڵاتی شا دەسەڵاتێکی تاکڕەوی بوو، بە جۆرێک کە سنووری ئازادییە سیاسی و دیموکراسییەکانی لە وڵاتدا نەهێشتبووەوە، و بە تایبەتیش دوای گۆڕانی سیاسەتی شا و دامەزراندنی پارتێکی تاکڕەو بە ناوی پارتی ڕابوون (رستاخیز) [٥]، چونکە گەلانی ئێران دامەزراندنی ئەم پارتە لە لایەن شاوە بە دژیایەتیی خۆیانیان دەزانی، لەگەڵ بەڵێنەکانی کە پێیاندرابوو نەدەهاتەوە کە خۆی لە ئازادیی سیاسی و خۆشگوزەرانی بینیبووەوە (السبکی، ٢٠١٣: ٢٨١).

لە کوردستاندا پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە ئاستێکی خراپتر بووە، بە جۆرێک کوردستان کرابووە ناوچەیەکی سەربازی، چونکە دەسەڵاتی

شا کوردستانی بە ناوچەیەکی پڕ لە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەزانی، هەر لەبەر ئەمەش بوو ڕەگەزە غەیرە کوردەکانی وەک فارس و ئازەری وەک بەرپرس و دەسەڵاتدار لە سەر ناوچەکەدا دادەنا، هەروەها کوردەکانی لە زێدی باب و باپیرانی ڕادەگواست و ژێردەستەی دەکردن، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی، خۆنیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٣ و بزووتنەوەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ کە هیچ پانتاییەکی ئازادییان بۆ ئەو نەتەوەیە نەهێشتبووەوە (مەحمود، ٢٠١٢: ٢٨)، سەرەڕای زیندانیکردنی ڕۆشەنبیران، ڕێکەوتنی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کاریگەری هەبووە لەسەر جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هۆکارانە وای کردبوو کوردەکان لە هەلی ڕەخساندنی دەرفەتێک بگەڕێن بۆ ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە (ئەحمەد قازی، ٢٠٢١: ٢١١).

**دووەم: هۆکاری ئابووری**: بە یەکێک لە هۆکارە هەرە بەهێزەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش دادەنرێت، چونکە بارودۆخی ئابووریی وڵات بەرەو دارمان دەڕۆیشت (الزبيدي، ب. س: ١٥١؛ حەمەلاو، ٢٠١٧: ٢٢٠)، ئەمەش لە دەرەنجامی پیادەکردن و گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن کە بووە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی زۆر لە لایەن چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان وەک: کاسبکاران و چینی ناوەڕاست و پیاوانی ئاینی، لەبەرئەوەی ئەم چین و توێژانە هاوپەیمانیەتییەکیان بەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتەکەی (مەحمود، ٢٠١٢، ٣٠، ٣١)، ئەمەش خۆی لەو سیاسەتە نادروستەی شا دەبینیەوە، کە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی لەسەر شێوازی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتیش ئەمریکا ڕێکخستبووەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧٨ چەندین ڕاوێژکار و ئەفسەر و پسپۆڕانی لە ئەمریکا هێنابوو، بەڕای توێژەرێک زیاتر لە چل و پێنج هەزار ئەمریکی

دەبوون، کە لە ڕیزی سوپای ئێرانی کاریاندەکرد (نراغي، ١٩٩٣: ١١٣)، ئەمەش وایکردبوو داهاتێکی باش لە بوودجەی ئەو وڵاتە بۆ خەرجیی ئەم سوپایە تەرخان بکرێ، و لە لایەکی تر کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارە گەورەکان لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست، زۆربەی گوندەکان ڕێگای هاتووچۆی ئۆتۆمبێلیان نەبووە، ئەوەی هەشبووە زۆر خراپ بووە، سەرەڕای نەبوونی کارەبا و هێڵەکانی پەیوەندی و دەرمانخانە و بنکە تەندروستییەکان (ئەحمەدی قازی، ٢٠٢١: ٢١٠)، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردە سەر لایەنی کشتوکاڵ، بەمەش ئەنجامی خراپی لە سەر لایەنی ئابووریی وڵات دروستکرد بوو، و وڵاتی بەرەو داڕووخان برد (حمادة، ٢٠٠٨: ٧٥).

ئەوەی تایبەتیشە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە بەراورد بە بەشەکانی تری ئێران زۆر دواکەوتووتر بوو، جیاوازییەکی زۆر لە دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات، لە ڕووی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکرا، بۆ نموونە ڕێگاوبانی ناوچە کوردییەکان زۆر خراپ بوون (کەنداڵ و ئەوانی تر، ٢٠٠٢: ٢٠٤، ٢٠٥).

سێیەم: هۆکاری ئاینی و کۆمەڵایەتی: کاریگەریی پیاوانی ئاینی لە ئێران لە سەرووی هەموویانەوە هەریەک لە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی (روح الله کوڕی مستەفا کوڕی ئەحمەدی موسەوی ١٩٠٢-١٩٨٩) ناسراوە بە خومەینی و حەوزەی ئاینی قوم ڕۆڵی دیاریان هەبووە، لە ئاڕاستەکردن و جوڵاندنی گەلانی ئێران (یار ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٥٤)، و لە بەشێک لە ناوچە کوردییەکاندا چەند پیاوێکی ئاینی کە بە دژە شا ناسرابوون ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە هاندانی جەماوەری ئازادیخواز و ڕووخانی دەسەڵاتی شاهنشاهی ئێرانی (سەفا، گۆڤار، (K21 )، ژ: جمک (٢-٣)، ٢٠٠٨: ١٦٤). لەلایەکی تر خراپی باری کۆمەڵایەتی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگای ئێرانی پەیوەستکردنی خەڵکی بە دابونەریتی

ئەوروپی، لە چوارچێوەی ئەو چاکسازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشەنبیری، تەندروستی و ئاینییانەی، کە لە سەردەمی ڕەزا شای باوکی لەساڵی ١٩٢٨بەسەر ئێراندا سەپاندبووی هێندەی دیکە ڕق و تورەیی گەلی ئێرانی لە دەسەڵاتی شا ئەستوورتر کردبوو (صابر، ٢٠١٣: ٢٢٤-٢٢٩).

چوارەم: هۆکاری دەرەکی: ناکرێت هۆکاری دەرەکی نادیدە بگیرێت بە تایبەتی ڕۆڵی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی، لەوانەش فەرەنسا و بەریتانیا، بە تایبەتی بەریتانیا بەهۆی نەمانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، ئەوەش دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەی (کۆنسرتیوم) (ئەحمەد و مراد، ٢٠١١: ٢٢٨)، . چونکە بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە کۆمپانیاکانی بەریتانیا خاوەنی (٤٠٪) پشکی نەوتی ئێران بوون، دواتر کۆمپانیاکانی بەریتانیا بێبەشکران لەو پشکانە. ئەوەی تایبەتیشە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتادا پشتگیری لە دەسەڵاتی شا کردووە، دەتوانین هۆکاری پشتگیرییەکەش بۆ دوو خاڵ بگێڕینەوە: یەکەمیان، دەستگرتنی ئەمریکا بەسەر نەوتی ئێران. دووەمیان، ئێران وەک پەرژینێک بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە تایبەتیش دوای دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانی کەنداوی عەرەبی، و دامەزراندنی بنکە سیخوڕییەکانیان لە ئێران بۆ چاودێریکردنی یەکێتیی سۆڤیەت کە هاوسنوور بووە لەگەڵ ئێران (السبكي، ٢٠١٣: ٢٧٧- ٢٨٥؛ مەحمود، ٢٠١٢: ٣١)، بەڵام دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن دیموکراتەکان گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی ئەمریکادا هات وەک نەیارێک دەرکەوت، بە تایبەتی دوای نزیکبوونەوەی شا لە یەکێتیی سۆڤیەت (السبكي, ٢٠١٣: ٢٧٧- ٢٨٥؛ مەحمود، ٢٠١٢: ٣١).

## ڕۆڵی شێخ جەلالەدینی حوسێنی لە ڕاپەڕینی شارە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات:

ڕاپەڕینی جەماوەری و ناڕەزایەتی لە دژی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران لە زستانی ١٩٧٧ لە شارەکانی تاران و قوم و تەورێز سەریانهەڵدا، دواتریش پڕیشکی ئەو خۆنیشاندانە تەواوی شار و شارۆچکە و گوندەکانیشی گرتەوە (مەرەسەنە، ٢٠٠٤: ١٤٥)، بە تایبەتی لە نێوان سالانی (١٩٧٨-١٩٧٩) ئەم ڕاپەڕینە بریتی بوو لە هەڵسانەوەی جەماوەری دژ بە دەسەڵاتی شا (یان یەریە، ٢٠٠٤: ٣٠)، هەرچەندە شا بە هەموو دەستەڵاتێکی سەربازی کەوتە گیانی خەڵکی ڕاپەڕیو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، بەمەشەوە نەوەستا، کەوتە کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل و بێ چەک، بەڵام سەرەڕایی توندوتیژییەکان ئەم خۆنیشاندانە بەردەوامییان هەبووە (ڕۆمانۆ، ٢٠٢٠: ٤٨٩)، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشداریی کوردەکان تەنها لە شارە کوردییەکان قەتیس نەبوو، بەڵکو لە شارە غەیرە کوردییەکانیش بەشداریی خۆنیشاندانەکەیان کردووە لە نێویشیاندا تارانی پایتەخت. بۆ نموونە، کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند (جمعیت کردهای مقیم مرکز) لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٧٩ لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد دامەزرا، ئەندامانی کۆمەڵەکە بەشدارییان لە خۆنیشاندانەکانی پایتەخت کردووە، هەروەها کار و چالاکیی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، بۆ نموونە سروودی ئەی ڕەقیب لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەکە گوتراوە، ئەوە جیا لەوەش چەند ڕۆژێکی کەم دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێراندا لە تەلاری فیردەوسی زانستگەی تاران ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان کراوەتەوە، وتارێک بە زمانی کوردی لەلایەن جەلیل گادانی پێشکەشکراوە کە تیایدا مەینەتی زوڵم و ستەمەکانی دەسەڵاتدارانی شای بەرانبەر بە کورد خستۆتەڕوو (گادانی، ٢٠٠٨: ٢٢٣-

٢٢٥؛ مەحمود، ٢٠١٢: ٥٢). زیادبوونی خۆنیشاندانە جەماوەرییەکان شای ئێرانی هێنایە ئەو بڕوایەی کە ئیتر ناتوانێت لە دەسەڵات بەردەوام بێت، بۆیەش لە ١٦کانونی دووەمی ١٩٧٩ وڵاتی جێهێشت، ئەمەش دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێران (مەحمود، ٢٠١٢: ٥٢).

شایانی باسە هەرچەندە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری ئێران خۆنیشاندانەکان لە ناوچە کوردییەکان کەمێک دواکەوت، بەڵام دواتر کوردەکان بە گوڕوتینێکی زۆرەوە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکە کردووە (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٤)، هۆکارەکەشی بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان بووە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی، و دوورخستنەوەی هەندێک لە سەرکردە سیاسییەکان لە شارە کوردییەکان بە تایبەتی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، جیا لەو هۆکارانەش محمد ڕەزا شا لە شارە کوردییەکان، بەردەوام مەترسی هەبووە، بۆیە بۆ کەمبوونەوەی مەترسییەکانیش کوردستانی وەک سەربازگەیەک لێکردبوو، سەرەڕای ئەوە لە بەرانبەر ئەو ڕێوشوێنانە کوردەکان دەستەوەستان نەوەستاون و وەکوو زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران دەستیان بە ڕاپەڕین کردووە، سەرەتای ڕاپەڕینەکە بە خۆنیشاندان لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری مهاباد دەستیپێکردووە، دوای ئەوەی بە بەشداری پیاوانی سیاسی و ئاینی، تەرمی (عەزیز یوسفی) کە زیندانێکی سیاسیی کورد بوو، بە ڕێوڕەسمێکی نەتەوەیی لە ١٤ حوزەیرانی ١٩٧٨ بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکە بەخاکسپێردرا (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٦٧؛ جليلي و اخرون، ٢٠١٢: ٣٣٣)، لە لایەن خۆیەوە شێخ عیزەدین حوسەینی مردووەکەی بە زمانی کوردی تەڵقینداوە، و بە دێرە شیعرێکی پیرەمێرد دەستیپێکردووە گوتوویەتی "**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین**" (حسێنی، (دەستنوس)ئەرشیفی سازمانی خەبات:

٤٤)، ئەم وتارەی شێخ عیزەدین لە ناو ئاپۆڕای جەماوەردا کە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، بە جۆرێک بووەتە سەرەتای ڕاپەڕینەکە، دواتر لە ٢٨ کانونی دووەمی ١٩٧٩ خەڵکی مهاباد لە خۆنیشاندانێکی گەورەدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی سیاسیی و ئاینی لە مەیدانی مەلا جامی وێنەی قازی محەمەد لە شوێنی پەیکەری ڕەزا شا دادەنێن (ستار، ٢٠١٥: ٤٤)، پاشان پڕوشکی ڕاپەڕینەکە دەگاتە شار و دێهاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حسێنی، (ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، تایبەت، ب، س، چ).

مایەی ئاماژەیە لە کاتی ڕاپەڕینەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، شوورای ڕاوێژکاری لە هەندێک شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (شورای همبستگی کردستان) دامەزراوە، وەک کاردانەوەیەکیش بەرانبەر ئەو شوورایە حکوومەتی شاپوور بەختیار لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە مەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتی و خۆ دەربازکردن لە کێشە و گرفتەکانی ناوخۆی وڵات، پڕوپاگەندەی دژی کوردەکان بڵاو دەکردەوە، هەوڵیاندا سەرنجی خەڵکی ئێران بەرەو کوردستان ڕابکێشێ، بەوەی کوردەکان بە مەبەستی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە ئەو ئەنجوومەنەیان پێکهێناوە، لە لایەنی خۆیەوە شێخ جەلالەدین بەرهەڵستیی ئەو هەوڵەی حکوومەتی (شاپور بەختیار ١٩١٤-١٩٩١)ی کردووە، و ڕەتی بۆچوونەکانی داوەتەوە، وەک دەڵێت "گریمان کوردەکان لەبەر جیاوازخوازێتیان گوللەباران دەکرێن، باشە ئەی تارانییەکان، ئەی تەبریزییەکان، ئەی قەزوینییەکان، ئەمانە بەچ تاوانێک گوللەباران دەکرێن، لە ئێراندا هێزێک نییە کە بۆ جیاوازخوازی تێبکۆشێت و ئەو قسەڵۆکانە هەمووی درۆی ڕووت و شاخدارن و پیلانێکن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە هاوکات لەگەڵ

هاونیشتمانی خۆیدا و بەمەبەستی ڕزگارکردنی وڵات لە چنگی خوێن خۆرانی خەبات دەکات بەڕێوەدەچێت"(سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٧١, ٣٧٢).

لە وەڵامەکەی شێخ جەلالەدین ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دەسەڵاتی شاهنشاهی جیاوازی نەکردووە لە توندوتیژی نواندن بەرانبەربە پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێرانی، لە بەشێکی تری وەڵامەکەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردەکان ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکوو ویست و داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتیی خاکی ئێراندا بووە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ئەم سیاسەتەی کە حکوومەتی ئێران لە کوردستان پیادەی کردبوو، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری لە شارە کوردییەکان بە تایبەتی لە بانە، سەقز، سەردەشت، بۆکان و سنە بەرپا بێت، کە تیدا پیاوانی ئاینی شان بەشانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە نێویشیاندا شێخ جەلالەدین (حەمەلاو، ٢٠١٧: ٢٢٥).

**یەکەم: ڕاپەڕینی بانە :**

شارە کوردییەکان وەکو شارەکانی تری ئێران ڕاپەڕینی جەماوەری بەخۆوە بینی، شاری بانە یەکێک بوو لەو شارانەی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو تیایدا گەشەی کرد بوو، پێگەیەکی جەماوەری و خودان ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی بەهێزی هەبووە، هۆکارەکەشی بۆ ڕەنگدانەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ناوچەکە لە ڕابردوو دەگەڕایەوە، و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی و سیاسی و هاوسنوور بوونی لەگەڵ باشووری کوردستان، وایانکرد کە دوای ڕاپەڕینی شاری مهاباد، بانە ببێتە سەر تۆپی خۆنیشاندان و نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە

دەسەڵاتی شا (حسێنی، ڕۆژنامە(تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧ : ٢٢ی سپتامبری٢٠١٠).

له سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٨ ڕاپەڕینی بانە بەهۆی وەرگەڕانی تراکتۆرێک  کە بووە هۆی مردنی یەکێک لە سەرنشین و بریندازبوونی یەکێکی تریان دەستی پێکردووە (توکلی، ١٣٦٣: ٢٤٠)، توڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی بانە زیاتر لەوە تەقیەوە، کە سەربازەکان بە بیانووی ڕۆژی هەینی و نەبوونی دەوامی فەرمانگە و ئامادەنەبوونی دادوەر، ئامادە نابن لە دەرهێنانی بریندارەکە، کە دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی، لە بارەی ڕووداوەکەوە شێخ جەلالەدین دەڵێت"**من لەگەڵیان چوومە سەرگۆرستان، هەرچەندە هیچ کامیان سەربە گەڕەک و مزگەوتەکەی من نەبوون. . . خەڵک زۆریان پێ خۆش بوو من لەگەڵیان بچم. . . لەسەر گۆڕی ئەو دوو عەزیزانە دەستم کرد بە قسەی ئاورین**" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٤-٤٥)، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە خەڵک یەکجار دڵ پڕبوونە بەرانبەر بە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، هاوکات خراپیی بارودۆخی باشووری کوردستان، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی١٩٧٥، کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە هەمان ساڵدا، لە ئەنجامدا بووە هۆی وێرانکردنی گوند و دێهاتەکانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان، و کوژران و لەناوبردنی نزیکەی١٤٠٠کەس (توکلی، ١٣٦٣: ٢٤٠)، ئەمە و جیا لە ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات، هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەش ڕق و تووڕەیی خەڵکی کوردستانیان لە هەردوو پارچەکە بەرانبەر بە دوژمنانی کورد ئەستوورتر کردبوو، بۆیەش لە دەرفەتێک دەگەڕان بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٤-٤٥ دوای وتاردانی لەساڵی ١٩٧٨،  شێخ جەلالەدین هانی خەڵکەکەی داوە، بۆیەش ئامادەبوانی گۆرستانی سەلمان

بەگ بە هەموو چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی بەسەرکردایەتی ناوبراو دەستیان بە خۆنیشاندان و ناڕەزایی کردووە، هاودەنگی و هاوخەمی خۆیان لەگەڵ شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕیوە، بە تایبەتی گەنج و لاوەکان دەستیانکرد بە هوتاف کێشان دژ بە دەسەڵات (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣), ٢٠٠٨: ١٦٤) تێبینی کراوە لەناو ڕیزی خۆنیشاندانەکان بیر و هزر و ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبووە، هەریەکە و بە شێوازێک گوزارشتیان لە بۆچوونی خۆیان کردووە، بۆ نموونە لایەنگرانی شێخ جەلالەدین بە دروشمی "**الله أكبر شیعاری دینە، ئازادی گەلان، هەوێنی ژینە**"(مەحمود، ٢٠١٢: ٥٠)، لە لایەنی خۆشیانەوە ڕەگەزە چەپڕەوەکان دروشمی" **داس و چەکوش دوژمنی سەرەنێزەیە لەرزینی دوژمن لەبەردەم ئەوهێزەیە**"، و "**هەرکارگەرە دەتوانێ نیزامی نوێ دانێ**"یان بەرزکردبووەوە (توکلی، ١٣٦٣: ٢٤٧؛ مەحمود، ٢٠١٢: ٥٠؛ سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٦٩).

شێخ جەلالەدین بەردەوام بووە، لە ڕێکخستنی خۆنیشاندانەکان، لە هەمان ساڵدا کۆمەڵێک لە گەنج و لاوی شاری بانە لە نزیک مزگەوتی وسواغا، پەیوەندییان بە ناوبراوەوە کردووە و داوایان لێی کردووە خۆی سەرکردایەتیی خۆنیشاندانەکان بکات لە ١٩٧٩، بۆیە لە بەردەوامیی چالاکییەکانیان شێخ جەلالەدین هاوشان لەگەڵ هەریەکە لە مەلا شێخ عەبدوڵڵای سووری و مەلا ساڵحی کێلەشینی و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی تر خۆنیشاندانێکی گەورەیان لە شاری بانە ڕێکخستووە، تیایدا شێخ جەلالەدین لە وتارێکدا جەختی لەوە کردبووەوە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە هەڵبژاردنی ئازاد هەڵنەبژێردراون، هاوکات بە توندی هێرشی کردۆتە سەر دەزگای ساواک بەهۆی ئەوەی چەند کەسیان بەبێ تاوان گرتووە و لە زیندان ئەشکەنجەیان داون، دوای خۆنیشاندانەکە بە مەبەستی ئاگادار بوون لە ڕەوشی زیندانییان ناوبراو

سەردانی کردوون. لە سەر داوای ئەویش، و لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەزگای ساواک سەرجەم زیندانییەکان ئازاد دەکەن (حوسەینی، دەستنووس، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٧- ٤٨).

شێخ جەلالەدین بە بەشداری پارت و ڕێکخراو و خەڵکانی ڕۆشەنبیر، سەرکردایەتیی ڕاپەڕینەکانی شاری بانەی دژی دەسەڵاتدارانی شا کردووە (شەڵماشی(٦)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢١)، ڕۆڵی هەبووە لە جووڵاندنی هەستی کوردایەتی، هەوڵی بەرقەرارکردنی تەبایی لە نێوخەڵکەکە داوە، ئەمەش لە پێناو یەکدەنگی و یەکڕیزیی خەڵکی بانە (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢سپتامبری ٢٠١٠)، ئامانج لە سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینەکە لەلایەن شێخ جەلالەدینەوە بریتی بووە لە ویستی ئەو بۆ هێنانەدیی کەشێکی ئازاد و دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و تێر و تەسەل و دامەزراندنی حکوومەتێکی سەردەمیانە و خزمەتگوزار لە ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان (حوسەینی، دەستنووس (ئەرشیفی دەنگی خەبات)، ١٣٧١: ٦-٧). بە بۆچوونی ئێمە ئەو ئامانجانەی شێخ جەلالەدین لە سەرکردایەتیی ئەو خۆنیشاندانانە دەگەڕایەوە بۆ ڕەنگدانەوەی باروگوزەرانی خراپی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بانە بە تایبەتی، کە لە بارودۆخێکی خراپ و ناخۆش دابووە، ئەمە و سەرباری ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان ناوچە کوردی و فارس و ئازەرییەکان کراوە.

مایەی ئاماژەیە بیروڕای جیاواز دەربارەی ڕۆڵی شێخ جەلالەدین لە ڕاپەڕینی شاری بانە هەیە. لەگەڵ ئەوەی توێژەرێک وای بۆ چووە کە ناوبراو بە چاولێکەریی شێخ عیزەدینی حوسەینی برای لە کاتی ناشتنی تەرمەکان لە گۆڕستانی سلێمان بەگ دەستی بە هێرشکردنە سەر دەسەڵاتدارانی عێراق و تاوانەکانی بەرانبەر گەلی کورد شەرمەزارکردووە، گەنج و لاوانی بەشداربووی خۆنیشاندانەکە هێرشیان

کردۆته سەر چەکدارانی حکوومەت لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکراون (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٦٨)، لە بەرانبەریشدا شێخ جەلالەدین لەگەڵ ئەوەی شانازی بە شێخ عیزەدین کردووە بە براگەورە و مامۆستای خۆی داناوە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە بە چاولێکەریی ئەو هەڵوێستی نواندبێت (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٥)،  لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی ئێران بە چاوی گومانەوە سەیری جموجۆڵەکانی شێخ جەلالەدینیان کردووە، بەڵام ئەوە نەبووەتە ڕێگر بۆ سوودوەرگرتن لە توانا و کەسایەتیی ناوبراو بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشە، بە تایبەتی لە سەروبەندی ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێران، بۆیەش بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە بە تایبەتی لە کاتی خۆنیشاندانەکان و هێرشە جەماوەرییەکان بۆسەر یەکە کارگێرییەکانی ناوچەکە هەندێک لە پلەدار و ئەفسەرانی حکوومەت، هانایان بۆ شێخ جەلالەدین بردووە، و داوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیان لێی کردووە، بۆ نموونە سەرتیپ (محەمەد خاکساری) قایمقامی بانە، لە هەوڵێکدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان داوای لە شێخ جەلالەدین کردووە ڕێنوێنی خەڵک بکات، بۆئەوەی ئارامیی شار بپارێزن و خۆنیشاندانەکانیش بە ئاقاری توندوتیژی نەڕۆن، بەڵام ناوبراو ئەو خۆنیشاندانەی بە کارێکی ئاسایی بینیوە، تەنانەت پێشی وانەبووە بارودۆخی نائاسایی لە شارەکە ڕوویدابێت، لەبەرئەوەی شێخ جەلالەدین لە بنچینەدا مافی ئەنجامدانی خۆنیشاندانی خەڵکی بانە هاوشێوەی شارەکانی تر بە مافێکی سروشتی و ڕەوای دانیشتوانەکەی زانیوە، وەک دەنووسێت "گوتم: تیمسار خەڵکی ئەم شارە چیان کردوە؟ ئارامی ئەم شارە وەک خۆیەتی ئەم خەڵکە ئەوە دەکەن و ئەوە دەڵەن کە لە هەموو شارەکانی ئێران دەکرێ و دەگوترێ، ئێستێ کەس و کاری ئەم ئاغایانە و ئەوروئەساو مەئمورانە لە شاری خۆیان ئەوە دەڵەن کە خەڵکی

بانە دەی ڵێن و ئەوە دەکەن کە خەڵکی بانە دەی کەن" (حوسەینی، دەستنووس: ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٧).

دوای ئەوەی بانە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دانیشتوانی شارەکە، شێخ جەلالەدین لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی دیاری شارەکە بە مەبەستی پارێزگاری و بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی شارەکە لە پایزی ١٩٧٨شورای شاری بانە پێکدەهێنن، دواتر ناوەکەی گۆڕا بوو بە کۆمیتەی شاری بانە (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣), ٢٠٠٨: ١٦٥) کە لەو کەسایەتییانە پێکهاتبوون، "عەبدوڵلا نەعلبەندی نوێنەری شێخ جەلالەدین و مستەفا ئەمینی نوێنەری موجاهدین و ئەحمەد میعمار وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ"، لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەیدا ئەندامانی شورا وەک ڕێزێک بۆ شێخ جەلالەدین دوای هەڵبژاردن و لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا ناوبراو وەک بەرپرسی شورا دیاریبکەن و عەبدوڵلا نەعلبەندی بوو بە بەرپرسی شارەوانی و ڕەشید خانی ئەحمەدی بوو بە بەرپرسی بارەگای دەرەوەی شار (سیوەیلی و هەڵەدنی، ٢٠١٨: ٧٢).

جێگای باسە شێخ جەلالەدین لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی شوڕا و دەستەی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی شاری بانە جیاوازیی بیر و هەڵوێستی سیاسیی لەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە هەندێک لە ئەندامەکان سەر بە هێزە چەپەکان بوون (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢سپتامبری ٢٠١٠)، لەسەر ئەم بنەمایە چەند لایەنێکی جیاواز خۆیان هەڵبژاردووە، بۆ بوون بە ئەندامی کۆمیتە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە لە ڕووی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژییەوە جیاواز بوونە، بەڵام شێخ جەلالەدین ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بەڵکوو زامنکردنی ئارامیی ناوچەکەی لە سەرووی هەموو گرنگی و پێشینەی کارەکان دانابوو (نەقشی، ٢٠١١: ٢٢).

مایەی ئاماژەیە شێخ جەلالەدین بۆ ئارامی و یەکڕیزیی ناوچەکە هیچ کارێکی بێ ڕاوێژ و گفتوگۆ نەکردووە (فەرد، ڕۆژنامە ( تێکۆشان)، ژ: ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠)، هەر ئەمە وای کردبوو کە شاری بانە ئاسایش و ئارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شارەکانی تری کوردستان باشتر بێت، ئەو کەش و هەوا ئارامە تەنانەت ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، بە جۆرێک دوای خۆنیشاندانەکە شارەکە بووبووە پەناگەیەک بۆ زۆربەی ڕێبەرانی کورد و تەنانەت پارتەکانی تری ئێران لە دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ پەنایان بۆ بردووە (بەهرامی، ڕۆژنامە ( تێکۆشان)، ژ: ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠).

بۆ زیاتر بەهێزکردنی گیانی برایەتی و یەکڕیزیی نێوانیان، شێخ جەلالەدین بیری لە دامەزراندنی یەکێتییەک لە نێوان دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری بانە کردبووەوە، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە کەسایەتییەکانی گوندەکان کردووە، ئەمەش هەندێکیانی هاندابوو بە چەک و پێداویستیی جەنگی خۆیان بەشداربن لە ڕاپەڕینەکە، شێخ جەلالەدین وەک بەرپرسی یەکەمی خۆنیشاندانی شارەکە ڕێگر نەبووە لەوەی ئافرەتانیش وەک چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی کۆمەڵگای بانە بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەکان بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە ئافرەتانی شارەکە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ڕووداوەکان بینیبوو (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٤٩).

هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی پێشووی شێخ جەلالەدین بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە بانە لە کۆتایی هەر خۆنیشاندانێک بە ئامادەبوونی هەموو ئاراستە جیاوازەکان لە مزگەوتەکان کۆدەبوونەوە، هەندێک جار بیروبۆچوونی جیاواز دروستبووە، بە تایبەتی لە نێوان ڕەوت و ئاراستە ئاینی و چەپڕەوکان، لەم بارەیەوە توێژەرێکی

هاوسەردەمی ڕووداوەکان دەڵێت "کاتێک کاک ئەحمەدی موفتی زادە، لێدوانی دەدا دەچوون بەرقیان (کارەبا) لە سەر دەکوژاندەوە، سیمی بڵندگۆکەیان دەپچڕاند، بە جۆرێکی وا مەلا جەلالی حوسەینی توڕەبوو، قسەی ناخۆشی پێ دەگوتن" (ئیمامی، ١٣٩٩: ٢٣٨)، پێناچێت ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی شێخ جەلالەدین هەبوبێت، لەم ڕووەوە چەند جارێک نەیهێشتووە دۆخی ئاسایشی شارەکە بەرەو ئاڵۆزبوون بچێت و بگرە ڕێگریشی کردووە لە خوێنڕشتنی دانیشتوانەکەی، لە هەمانکاتدا دوای ئازادکردنی شاری بانە نەیهێشتووە دەستی تاڵان بگاتە سەربازگەی شارەکە و پارێزگاری لە چەک و تەقەمەنییەکانی ناویشی کردووە، تاوەکو سەرانی خۆنیشاندانەکە بۆ مەبەستی بەرگریکردن سوودی لێوەربگرن (فەرد، ڕۆژنامە(تێکۆشان)، ژ،٢٢٧: ٢٢ سپتامبری ٢٠١٠)، هەر ئەم کار و هەڵوێستانەی ناوبراو، کاریگەری لەسەر زیادبوونی هۆشیاریی سیاسیی و هاوسۆزی و هاوکاریی زیاتری خەڵکی شارەکە لەگەڵ سەرانی خۆنیشاندانەکە هەبووە، و هەموویان یەک دەستبوونە لەسەر دژایەتی دەسەڵاتی حکوومەت بە جۆرێک هێشتا دەوڵەتی شا بە تەواوی نەڕوخابوو تەواوی پەیکەر و دروشم و سیمبولەکانی بنەماڵەی پەهلەوییان لە شارەکە وێرانکردووە (ئیمامی، ١٣٩٩: ٢٨٣).

لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی شێخ جەلالەدین بۆ بەرقەرارکردنی هێمنی و ئارامیی شاری بانە، بەڵام دۆخی شارەکە بێبەش نەبووە لە بەریەککەوتن و ئاڵۆزی بە تایبەتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە، هەردوو دەستەی ئەحمەد موفتی زادە(٧) و سدیقی کەمانگەر کە بیروبۆچوونیان دەربارەی شێوازی حکومڕانی جیاواز بوو، لەسەرەتادا ئەحمەد موفتی زادە لایەنگیری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، هەوڵیدەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە گفتوگۆ برۆنە پێشەوە، بە

شێوەیەک کە خودموختاری بۆ کوردستان زامنکردبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە زارەکی بەڵێنی خودموختارییان پێدابوو، هەرچی سدیق کەمانگەرە لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکوومەتێکی کرێکاری بوو (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥).

**دووەم: ڕاپەڕینی سنە:**

وەکو هەموو شارەکانی تر شاری سنەش لە ١٩٧٨ لە خۆنیشاندانە جەماوەرییەکان و ڕاپەڕین و مانگرتن دژی حکوومەتی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، گەرم و گوڕی و هەستی نەتەوایەتیی دانیشتوانەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بووە، ئەمەش کاردانەوە هەبووە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانی بەرانبەریان کراوە (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٧٠)، ڕاپەڕینی شارەکە بە بەشداری هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەچووە، لە ناویشیاندا مامۆستایانی ئاینی بە تایبەتی ئەحمەد موفتی زادە و هەندێک لە پیاوانی تری ئاینی و نەتەوەیی کە کاریان لە سەر چەند خاڵێک کردووە. وەک: لابردنی ستەمی نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و چینایەتی (ئیمامی، ١٣٩٩: ٣١٧-٣١٨؛ حاجی مەحمود، چاوپێکەوتن: ٧ کانونی دووەمی ٢٠٢٢).

ڕاپەڕینی شاری سنە دوای ئەوەهاتووە، کە هێزەکانی شارەوانی بە جلوبەرگی مەدەنی هێرشیان کردۆتەسەر خەڵک و نزیکەی حەوت کەسیان کوشتووە و زیاتر لە سی کەسیشیان بریندارکردووە، و ژمارەیەکی زۆر لە دامودەزگای حکومی و مەدەنی و فرۆشگای گەورە لە شارەکە سوتێنران، تەنانەت ڕێکارە ئەمنییەکان بە جۆرێک بوون هێزەکانی حکوومەت ڕێگەی نەخۆشخانەکانیان گرتبوو، و ڕێگرییان لە خەڵک کردووە خوێن بە بریندارەکان ببەخشن (گەوهەری، ٢٠١١ : ٦٧-٦٨)،

له سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا مانگرتنی سەرتاسەری لە شاری سنە ڕاگەیەنرا، ئەمەش بووە هۆی لەکارخستنی دامودەزگای حکومیی شارەکە، دواتر مانگرتنەکە زەمینەی ڕەخساند بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕین، بەڵام لە بەرانبەردا دەسەڵاتدارانی شا هێرشیان کردە سەر خۆنیشاندەران، ئەم هێرشانە لەسەر ئاستی شارەکانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بۆیە لە ١٩ کانونی دووەمی هەمان ساڵدا قوتابییانی زانکۆی تاران وەک هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر ئەم هێرشانە بڕیاری مانگرتنیان دا، و بەیاننامەیەکیان ئاڕاستەی حکوومەتی شاپور بەختیار کردبوو، کە تیایدا دژایەتیی خۆیان بەرانبەر کوشتاری سنە دەربڕیبوو (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٧٠).

ئەوەی تایبەتیشە بە ڕۆڵی شێخ جەلالەدین لەو خۆنیشاندانە تێبینی ئەوە کراوە ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بانە بەشداری لە خۆنیشاندانەکانی شاری سنە کردووە (صفا، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٠٩: ١٨فێبریوەری ٢٠٠٩)، ئەویش لە سەر داوای ئەحمەد موفتی زادە بووە، دوای ئەوەی هێزێکی شارەوانی تەقەیان لە خۆنیشاندەران کرد، شێخ جەلالەدین هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی بانە بۆ سنە چوون، لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە لە مەیدانی ئیقبال کۆببوونەوە کە زۆربەیان لە گەنج و لاوەکان پێکهاتبوون بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکان (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٦) شێخ جەلالەدین بە بەرگی مەلایەتی لە مەیدانی گەورەی شاردا بەهۆی پێگە ئاینییەکەی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە بە گشتی داوایان کردووە وتار بدات، لە وتارەکەیدا هێرشی کردۆتە سەر حکوومەتی ئێرانی، لە کاتێکدا کەس زاتی ئەوەی نەکردووە ناوی شا ببات. هاوتەریب لە کاتی سەردانەکەیدا هەستی بە ململانێ و ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو

کۆڕە جەماوەرییەکەدا و بە تایبەتی لە نێوان چەپەکان و پیاوانی ئاینی کردووە، بەڵام توانیویەتی چارەسەری بکات (فەیزیان، ڕۆژنامە (تێکۆشان): ژ٢٣٥: ٢١ ئایار ٢٠١١)، ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستە سیاسییەکانی شێخ جەلالەدین وەک کەسایەتییەکی ئاینی پەنای بردۆتە بەر ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژگاری بانگەوازی ئیسلامی. لەم بارەیەوە، ناوبراو دەڵێت "دەستم کرد بە قسەی ئینقلابیانەی موسڵمانانە و کوردانە، قسەی ڕەبعی کوڕی عامیر پەیکی سەعدی کوڕی وەقاسم گێڕاوە کە بەر فەروغزاد فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی گووت، کە روستەم لێی پرسی بۆچی هاتوون؟ گووتی: بۆیە هاتووین کە خەڵکی لە تەنگە بەرایی دنیا بخەینە گوشادی دنیاوە و لە ستەمی ئاینان ڕزگار کەین بۆ عەداڵەتی ئیسلام و لە بەندایەتی ئادەمیزادان ڕزگاریان کەین بۆ لای بەندایەتی خودا" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٧).

لە وتاری شێخ جەلالەدین، دەگەینە ئەوەی کە لەپاڵ ئەرکە ئاینییەکەی لایەنی نەتەوایەتی و نیشتمانیشی فەرامۆشنەکردووە، نیشانیداوە کە نادادپەروەرییەکی زۆر بەرانبەر بە گەلی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی ئێران لە ڕووی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی کراوە، و ڕوونیکردۆتەوە کە ئاینی ئیسلام هیچ کات لەگەڵ ستەم و زۆرداری نەبووە و سروشتی ئاینەکەشی خستۆتەڕوو، کە بریتی بووە لە دەستەبەری دادگەری و دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و دونیایەکی ئازاد و دوور لە ژێردەستەیی و کۆیلایەتی، چونکە لە ئیسلامدا کەس گەورەتر نییە لە کەس و گەورەیی و بەندایەتی بە پارێزکاری و لەخواترسانە.

بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە سەر و ماڵی هاووڵاتییان و دامودەزگاکانی حکوومی شێخ جەلالەدین کۆمەڵێک چەکداری بۆ شاری

سنه ناردووه، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە و پارێزگاریکردن لە دامودەزگا حکوومییەکانی وەک باڵەخانەی تەلەفزیۆن و نەخۆشخانە و شارەوانی، بۆیە لەو بارەیەوە دەڵێت "**ماوەی نزیک بە شەش مانگ دوو دزی لە شاردا کرا، زوو** تاوانبار دۆزرانەوە و شتە دزراوەکان دەست خرانەوە" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٧٢).

شایەنی باسە دەکرێت دوای ئەم پەرەسەندنانە هاوشێوەی بەشێک لە شارە ڕاپەڕیوەکان، شاری سنەش بەدەر نەبوو لە بوونی ناکۆکی و ململانێ لەناو ڕیزەکانی خۆنیشاندەران، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بیروڕا و لەیەکنەگەیشتن لە نێوان سەرکردایەتیی خۆنیشاندەرەکان، بە تایبەتی چەپەکان و ئەحمەد موفتی زادە (ئیمامی، ١٣٩٩: ٢٨٦)، گیانی لێبووردەیی و یەکتر قەبووڵکردن لە چاو شاری بانە کەمتر بووە، هەرچەندە لە بانە ئەم کێشانە بەدیکراون، بەڵام توانرا زوو چارەسەر بکرێن (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٦).

**سێیەم: ڕاپەڕینی سەقز:**

لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان خەڵکی شاری سەقزیش لە ١٢ تشرینی دووەم ١٩٧٨ دەستیانکردبوو بە خۆنیشاندان و هێرشکردن بۆ سەر سەربازگە و شارەوانی و بنکە و بارەگاکانی دەسەڵاتدارانی (حەمەلاو، ٢٠١٧: ٢٤١)، سەرجەم ئاڕاستە جیاوازەکان بەشداربوون لەوانەش هێزە نەتەوەیی، چەپ، ڕەوتە ئاینی (یارحمەد، ٢٠١٧: ١٥٦)، لە بەرانبەردا هێزەکانی شارەوانی بە چەک وەڵامی خۆنیشاندەرەکانیان داوەتەوە، لە ئەنجامدا کوژراو و برینداری لێکەوتۆتەوە. خەڵکی شارە کوردییەکان هاوسۆزیی خۆیان بۆ شاری سەقز دەربڕیوە، بۆ نموونە دانیشتوانی شاری بانە بە سەرکردایەتیی شێخ جەلالەدین بەشدارییان لە

خۆنیشاندانەدا کردووە. لە گۆڕستان وتارێک دەدات، تێیدا هانی خەڵکی داوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەباتکردن تا گەیشتن بە خواستە نەتەوەییەکان؛ ئەویش ڕزگاربوون لە ژێر دەستی حکوومەتی ئێرانی بووە (حسێنی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری٢٠١٠)، بە دوور نازانرێت ڕقئەستووریی شێخ جەلالەدین لە ڕەفتارە شەڕانگێزییەکانی هێزەکانی حکوومەت لە کوشتنی خەڵکی بێ دیفاعی شارە کوردییەکان و ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر وەک شێخ جەلالەدین دەڵێ"تەواوی ئەو گۆڕستانەکە ڕەشی دەکردەوە لە حەشیمەت" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٩)، ناوبراوی تەواو پەست و توڕەکردبێت، هەربۆیەش لە وتارەکەدا هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتدارانی حکوومەت، بە پەنجەکانی دەستی ئاماژەی بۆ پەیکەری شا کردووە و گوتوویەتی "پدرسوختەی لووت کەڵە شاخە دەبێ بڕوا، و دەست لەو میللەتە هەڵگرێ" (فەیزیان، ڕۆژنامە (تێکۆشان): ژ٢٣٥: ٢١ی مەی ٢٠١١)، لە کاتی وتاردانی شێخ جەلالەدین بەشێک لە ئامادەبووان گۆڕستانەکەیان جێهێشتووە، ئەوانی ماونەتەوەش ترسی ئەوەیان هەبووە حکوومەت هێرشیان بکاتە سەر، چونکە تا ئەوکاتەش شا لە دەسەڵات بووە (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٩). دوای بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکان و جۆشدانی خەڵک بۆ وەستانەوە لە دژی دەسەڵات، دەستی کردووە بە کۆبوونەوە لەگەڵ جەماوەری شارە کوردییەکان و ئامادەکردنیان بۆ هەر پێشهاتێکی نوێ (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٦٠: ١ی مەی ٢٠١٦)، بۆیە شێخ جەلالەدین هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەک لە پیاوانی ئاینی و پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە"حاجی سمایلی تەوەکولی، مەلا جەلالی عەزیزی و مەلا مەحمودی سیسێری" لە ساڵی ١٩٧٩ گەشتێکیان بۆ ناوچەکانی سەقز، سنە و دواتر بۆ ناوچەکانی کامیاران، ڕەوانسەر، جوانرۆ، پاوە، نودشە، دزلی و مەریوان ڕێکخستبوو (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢سپتامبری ٢٠١٠).

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە هەستی کوردایەتی لەو ناوچانە بەرز بووە، بۆیە لە لایەن خەڵکەوە وەڵامدانەوەی باشی هەبووە، بۆ نموونە خەڵکی قەڵای جوانڕۆ زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکردوون، ئەمەش بووەتە جێگەی خۆشحاڵی و سەرنجی ناوبراو وەک دەنووسێت "لە کۆنەوە خەڵکی جوانڕۆ کەمتر ملیان داوە بە دەسەڵاتی نەویستوو، هەستی کوردایەتیان زیندوو بووە" ئەم گەشتانەش دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە تەواوی قەڵس و نیگەرانکردبوو (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٧٣).

**چوارەم: ڕاپەڕینی سەردەشت:**

لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ ڕژانە سەر شەقامەکان و هێرشیان بۆ سەر (پادگان- سەربازگە)ی شارەکە بردووە، لە ئەنجامی هێرشەکەدا کوژراو و برینداری لێکەوتەوە، دواتر خەڵکەکە توانیویانە دەست بەسەر تەواوی چەک و کەرەسە جەنگییەکانی نێو سەربازگەکە دابگرن (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٧١).

دوای ئەو ڕووداوە بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کوژراوەکان شێخ جەلالەدین بە یاوەری ژمارەیەک لە خەڵکی بانە بەرەو سەردەشت بەڕێکەوتوون (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢ی مەی ٢٠١٠)، سەبارەت بە چوونیان بۆ سەردەشت شێخ جەلالەدین دەڵێت "زیاتر٧٠ ماشین بوون، و هێندێک دەمانچە و کەلاشینکۆفیشمان پێ بوو. جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدینیش هات، ژمارەیێک مەلاو کەسایەتیی ئینقلابی لە خزمەت دابوون کە چووین جەنازەکان بەخاک سپێردرابوون" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٧- ٥٨)، لەگەڵ گەیشتنی بە سەردەشت لە وتارێکدا سەرکۆنەی حکوومەتی ئێرانی دەکات لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی

کردبوونیە سەر خەڵکی بێتاوانی شارەکە (فەرد، ڕۆژنامە ( تێکۆشان)، ژ: ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠)، هاوکات بەڵێنی هاوکاری بە دانیشتوانی شارەکە دابوو، پێدەچێت لە وتارەکەی شێخ جەلالەدین هێرشی توندی کردبێتە سەر دەسەڵاتدارانی حکوومی لە شارەکە، ئەمەش ترسی لە نێو ئامادەبووان دروستکردووە، بۆیەش یەکێک لە بەشدارانی مەراسیمی ناشتنەکە دەنووسێت " لە کاتی قسەکردنی شێخ جەلال من دەلەرزیم" (بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٦٠: ١ی مەی ٢٠١٦).

شایەنی باسە لە ماوەی مانەوەی لە شارەکە شێخ جەلالەدین هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان شارە کوردییەکان داوە، ئەمەش لەپێناو سەرخستنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بووە، جیا لەوەش شێخ جەلالەدین لە کاریگەریی هێز و توانای هۆزەکان گەیشتووە، بۆیە بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕیزەکانیان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەریەکە لە هۆزەکانی "بەریاجی، مەلکەڕی و مەرەسنە"ی سەردەشت بەستووە، بەگوێرەی بۆچوونی شێخ جەلالەدین خەڵکی شارەکە خۆشحاڵ بوونە بە هاتنی و ڕێزی زۆریان لێگرتووە، وەک ڕۆژێکی خۆشیش لە یادەوەری ناوبراو ماوەتەوە، پێدەچێت هیوای زۆری بە سەرکەوتنی پرسی گەلەکەی هەبووبێت وەک دەنووسێت "ئەستێرەی سەرکەوتن لە ئاسۆ نزیک ببووەوە" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٥٨).

**پەیوەندییەکانی شێخ جەلال لەگەڵ سەرانی شۆڕشی ئیسلامی:**

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە بووە هۆی ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە حوکمڕانی بەسەر ئەم وڵاتەدا کردبوو، گۆڕانکارییەکی گەورە و چارەنووسسازی لە ناوچەکەدا هێنایەکایەوە، دوای دروستکردنی چوارچێوەیەکی نیشتیمانی بۆ

یەکخستنی ڕیز و تواناکانیان کە خۆی دەبینیەوە لە بەرەیەکی میللیی یەکگرتوو لە هێزە نەتەوەیی و چەپ و پیاوانی ئاینی لە تەواوی ئێران.

دوای گەڕانەوەی خومەینی لە ١ شوباتی ١٩٧٩ لە فەڕنساوە دوای چواردە ساڵ دوورخستنەوەی لە ئێران (امام امد، اطلاعات، ١٥٧٧٣، ١٢ بهمن ماه ١٣٥٧؛ تیسۆ، ٢٠١٦: ١٨)، بە فڕۆکەیەکی ئێرفرانس لە فڕۆکەخانەی میهرئاباد دابەزی، حکوومەتەکەی شاپور بەختیار هەرچەندە هەوڵیدا ڕێگری لە هاتنەوەی خومەینی بە داخستنی فڕۆکەخانەکاندا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو (تەها، ٢٠٢٠: ٢٦٤)، بۆیە بە گەڕانەوەی خومەینی گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی و کۆتایی بە حکوومەتی شاپور بەختیار لە ٨ شوباتی ١٩٧٩ هات (خيالي، ٢٠١١: ٢٨٩). دواتر لە ١١ شوباتی هەمان ساڵیش حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی (مەهدی بازرگان١٩٠٧-١٩٩٥) پێکهات (بدون نام، اطلاعات، ١٥٧٧٦، ١٥ بهمن ماه ١٣٥٧).

پێویستە بگوترێ ئەم پەرەسەندنە لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا دەرفەتێکی باشی بۆ کورد دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە پێناو مافەکانیان درێژە بە خەباتیان بدەن، دوای شۆڕش هاوشێوەی شارەکانی تر، شارە کوردییەکانیش بوژانەوەیەکی نەتەوەیی دیاری بەخۆیەوە بینیبوو، ئەمەش خۆی لە لەدایکبوونی چەند پارت و ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی بینییەوە، و لە پاڵ ئەمەشدا زەمینەی لەباری بۆ بەدیارکەوتنی چەند کەسایەتیی سیاسی و ئاینی ڕەخساند، هەریەک لەوانەش لە هەوڵی بەدەستهێنانی خواست و داواکارییەکانی گەلی کورددا بوون (مەحموود، ٢٠١٢: ٥٧-٦٠).

ئەوەی تایبەتیشە بە هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کورد بەرانبەر بە هێزە باڵادەستەکانی ناو شۆڕشی ئیسلامی، تێبینی ئەوە دەکرێت

سەرەڕای بوونی جیاوازیی مەزهەبی لە نێوان گەلی کورد و سیستەمی نوێ لە تاران بە گشتی بەم گۆڕانە سەرەتاییانە دڵخۆش بوون، و پشگیرییان لە شۆڕش و هاتنەوەی ئیمام خومەینی کردووە، ئامانج لەو پشتگیریانە بەدەستهێنانی خودموختاری بوو لە چوارچێوەی ئێراندا (دێشنەر، ١٩٩٩: ١١)، سەرەتای دروستبوونی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ سەرانی شۆڕش بۆ ساڵی١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، ئەمەش خۆی لە دوورخستنەوەی چەند پیاوێکی ئاینیی شیعە بۆ شارە کوردییەکانی وەک سەقز و مهاباد و بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن شاوە دەبینییەوە، کە پێکهاتبوون لە ئایەتوڵڵا مونتەزەری و ئایەتوڵڵا حوسێن نووری، ئایەتوڵڵا تاهیری، ئیمامی ئەسفەهان، ئایەتوڵڵا شێخ سادق خەڵخاڵی و ئایەتوڵڵای شیهابی (توکلی، ١٣٦٣: ٢٤٢).

سەرەتای پەیوەندییەکانی شێخ جەلالەدین بە سەرانی شۆڕش، دەگەڕایەوە بۆ کاتی دوورخستنەوەی هەریەک لە ئایەتوڵڵا تاهیری و ئایەتوڵڵا سادق خەڵخاڵی بۆ بانە (بابە شێخ، پەیوەندیی تەلەفۆنی، هەولێر، ٢٠٢١/٧/٥)، لە بارەی هاتنی پیاوانی ئاینی شێخ جەلالەدین دەڵێ "لە بەهاری ١٣٥٧- ١٩٧٨ خەڵخاڵی بە تەبعید (دورخراوە) کراوی هاتە بانە بۆ ماڵی من گوتی ئاغای موفتی زادە ڕێ نوێنی لای تۆی کردووم " (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٣٥)، بۆیەش خەڵخاڵی هاتووچۆی ماڵی شێخ جەلالەدینی کردووە، ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت: " لە سەرەتای چوونم بۆ بانە چوومە ماڵی ئەو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ماڵی ئەو بووم ئەوان نانی لەواش ( جۆرە نانێکی ئێرانیە) دروست دەکرد، ماڵو منالی زۆر میهرەبان بوون" ( خلخالی، ١٣٧٩: ٢٢٥)، لە بەرانبەردا خەڵخاڵی ئەو سەخاوەت و چاکەیەی شێخ جەلالەدینی لەبەرچاو بووە، هەربۆیەش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیش پەیوەندییان لە نێواندا هەبووە، لە هەندێک وێستگەش بەرگری لە شێخ

جەلالەدین کردووە، تەنانەت دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد و سەرانی کۆماری ئیسلامی شێخ جەلالەدین بەلای خەڵخاڵیەوە کەسایەتییەکی قبوولکراو بووە، بەڵام هەڵوێستی سیاسیی شێخ جەلالەدینی بەدڵ نەبووە لەم بارەیەوە گوتویەتی: "کەسێکی **زانایە، تەنیا خراپەی شێخ جەلال دژی ئینقلابە**" (ماڵپەڕی بەیان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بابەشێخ حوسەینی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧، ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠)، هەروەها شێخ جەلالەدین داواکاریی دەسەڵاتدارانی شای ڕەتکردۆتەوە کاتێک کە داوایان کردووە، وتەکانی خەڵخاڵی بۆ بگوازێتەوە، و لەو خانووەش وەدەری نێن کە بۆیان بەکرێ گرتبوو، ڕەتکرنەوەی ئەم داواکارییانەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی پشتگیری لە هەر کەسێک کردووە کە بەڵێنی هاوکاری پێداوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلەکەی، هەروەها ناوبراو دۆستایەتی و هاوکاریی هەموو کەسێک و لایەنێکی کردووە کە دژایەتیی دەسەلاتدارانی شایان کردووە، جا لەسەر هەر بیروباوەڕێکی سیاسی بووبن (بابە شێخ، پەیوەندیی تەلەفۆنی، هەولێر، ٥ تەمموزی٢٠٢١).

مایەی ئاماژەیە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی شێخ جەلالەدین ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتداران و کوردەکان، و هەوڵی چارەسەرکردنی پرسە چارەنووسسازەکانی کوردی  بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی داوە، بە تایبەتی لە کاتی هاتنی شاندی دانووستانکاری ئێرانی بۆ مەهاباد و پێشکەشکردنی داخوازییەکانی لایەنی  کوردی کە خۆی لە هەشت خاڵ دەبینیەوە، لە ١٨لە سەر ١٩ی شوباتی ١٩٧٩ بۆ زانیاری لە سەر گەڵاڵە نامەی ٨ ماددەکەی مهاباد بڕوانە: (ئەسکەندەری، ٢٠٢١: ٤٩٣-٤٩٥)، بەڵام دوای هێرشی خەڵکی مەهاباد بۆسەر پادگان و تاڵانکردنی دۆخەکە بە ئاقارێکی تردا چووە، کە دڵخوازی شێخ جەلالەدین

نەبووە، لەم بارەیەوە دەنووسێت "من و چەند کەس  بەپەلە چووین بۆ پادگان نەهێڵین پادگان بەتاڵان بڕوا، من بە لیباسی مەلایەتی و شاڵی کەسکەوە و مەلاحەسەنی  شیوەستەڵی بە تەقەی هەوایی دەمان ویست بەر لە هێرشی تاڵان چییان بگرین، نەهێڵین پادگان تاڵان کرێ و لە دەست شۆڕشی داهاتوومان دەرچێ" دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان بۆ زیاتر تێکنەچوونی پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی ئێران لە ترسی پەلاماردانیان لەلایەن چەکدارە کوردەکانەوە، شێخ جەلالەدین ئەرکی پاراستنی شاندەکە دەگرێتە ئەستۆ ئەوەبوو هاوشان لەگەڵ ژمارەیەک لە چەکدارانی بانە شاندەکە لە ڕێگای ورمێوە بە سەلامەتی بەرەو تاران بەڕێ دەکەن، (حوسێنی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٦٧).

سەرەتا حکوومەتی کاتیی ئێران هەوڵیدا تا کەوتنەسەر پێی خۆیان بە گفتوگۆ و بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەری کێشەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە دوای دامەزراندنی شاندێکی حکوومەت بە سەرکردایەتی مەهدی بازرگان، لە تارانەوە بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە دێنە شارە کوردییەکان (مەزهەر، ٢٠٠٩: ٥٥٧)، بەڵام دەرکەوتبوو کە شاندەکە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و خاوەنی هیچ بڕیارێک نەبوونە، ئامانجی دەسەڵاتی نوێ چارەسەرکردن و ڕێککەوتن نەبووە، چونکە شاندەکە نەیدەویست لەگەڵ حزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد کۆببنەوە، بەڵکوو هەوڵیاندا لەگەڵ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پیاوانی ئاینی و ڕووناکبیران و پیاوماقووڵان کۆتایی بە گفتوگۆکانیان بهێنن، و لە ڕێگای ئەوانەوە داخوازییەکانی گەلی کورد بزانن (بلوریان، ١٩٩٧: ٢٩٢)، و دانانی ئەو هێزە سیاسییانە کە لە بەرژەوەندیی ئەوان کاردەکەن، ئەوانیش حکوومەتی ئێران لە هەموو زانیارییەکان و ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار دەکەنەوە و لە ئایندەدا کێشە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دروستناکەن (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣٨٣).

شایانی باسە دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک شێخ جەلالەدین و هێزە کوردستانییەکان هەستیان کردووە، ئەم ئاشتەواییە تاکو سەر نابێ، بە تایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی ئێرانی هەوڵی کات کوشتنی دەدا، و لە لایەکی تر وەکوو ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن دوای ئەوەی کوردەکان هێرشیان کردبووە سەر بنکەی شارەوانیی شاری مهاباد دەستیان بەسەر تەواوی چەکەکان داگرت و تالانیان کردبوو، دواتر بەرەو سەربازگەی مهاباد چوون و دەستیان بەسەرداگرت، [بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (گەوهەری، ٢٠١١: ٨٩)]، ئەم ڕووداوە ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوانیانی لێڵتر کرد، جگە لەوەی پێکهێنانی شورایەک لە شاری مهاباد بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان هاوشێوەی شارەکانی تری ئێران بە سەرۆکایەتی شێخ عیزەدین لەلایەن حکوومەتی نوێی ئێران مایەی قبوڵکردن نەبوو (ستار، ٢٠١٥: ٤١). بۆیە شێخ جەلالەدین بۆ بەرگریکردن لە میللەت ڕێگری لە شەڕی نەخوازراو لە لایەک و دووربینیی ناوبراو کە هیچ ئومێدێکی بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەمابوو کە مافەکانی کورد بدات. لەلایەکی تر هەوڵی بەدەستهێنانی چەکیاندا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو، لە کاتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان ڕێگری لە تالانکردنی سەربازگەی بانە کردبوو، تاوەکو لە دۆخێکی پێویستدا سوودی لێوەربگرن (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣)، ٢٠٠٨: ١٦٥)، جگە لەوەش هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی زیاتری داوە بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی بەهاری ١٩٧٩دا سەردانی شاری سنەی کردووە، داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە کە چوارسەد چەکی لە جۆری بڕنەو پێبدەن بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٧٧)، سەرەتا دەسەڵاتدارانی تاران بە داواکاریی شێخ جەلالەدین ڕازی نەبوونە، دواتر ناوبراو هەڕەشەی گرتنی سەربازگەی بانەی لێکردوون، بۆیە دواتر سەرانی حکوومەتی نوێ بە داواکارییەکەی ڕازی دەبن، دوای وەرگرتنی چەکەکان شێخ جەلالەدین بە شێوەیەکی یەکسان چەکی داوەتە حدک و کۆمەڵەش،

تەنانەت بەشی پارتەکانی باشووریشی داوە بە تایبەتی یەکێتی (فەیزیان، تێکۆشان (ڕۆژنامە) ژ: ٢٣٥، ٢١مەی ٢٠١١).

دوای بانگهێشتکردنی نوێنەرانی شارە کوردییەکان بە مەبەستی دانوستاندن لەگەڵ کوردەکان، و دیاریکردنی داخوازییەکانیان و پێشکەشکردنی بە شاندی حکوومەت کە داریوشی فروهەر سەرۆکایەتی دەکرد، ئەوەبوو شێخ جەلالەدین هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵای ئیقدامی بە نوێنەرایەتی شاری بانە لە١٧ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا کردووە (حوسێنی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٦٥) لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی تیادا بەشدار بوون، و لە ئەنجامی وتوێژ و ڕاگۆڕنەوە ویستەکانی گەلی کوردیانی لە هەشت خاڵدا، کە بە "گەلاڵەی هەشت خاڵی مهاباد" ناسراوە دارشتبوو، دواتر پێشکەش بە شاندەکە کرا، کە خاڵی هەشتەمیان دژ بە بنەماڵەی بارزانی و قیادە موەقەتە (٨) بووە (فەرشی، ٢٠٠٨: ١٩١؛ ئەسکەندەری، ٢٠٢١: ٤٩٣-٤٩٥).

سەبارەت بە هەڵوێستی شێخ جەلالەدین بەرانبەر ماددەی هەشتەم کە تێیدا بنەماڵەی بارزانی و قیادە موەقەتە بە بەکرێگیراوی شا و دەزگای پاراستنی ناوەندی ئەمریکی (CIA) و دەزگای میتی تورکی دانابوو، ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرکردە سیاسییەکانی کورد، لایان ئاسایی بووە کە پەیوەندی بگرن بە وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بە مەبەستی پشگیری و بەدەستهێنانی چەک بۆ برەودان بە بزووتنەوی کوردایەتی وەکوو ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ دوژمنی دوژمنم دۆستمە، بۆیە شێخ جەلالەدین لەو بارەیەوە وتویەتی: **"ئێمەی کوردی گەمارۆدراو بە بێگانەی داگیرکەر و دوژمن، هەردەبێ لە ناکۆکی داگیرکەرەکان و ئاژاوەی نێوانیان و ئینقلابەکان کەڵک وەردەگرین، مادام نێوانیان خۆش بێ، کورد**

**جموجۆڵی بۆ ناکرێ، مەگەر پشتیوانی بەهێزی دەرەوەیان بێ"** (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٦٦، ٦٧).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت قۆناغی یەکەمی گفتوگۆکانی لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ شکستیهێنا، ئەمەش زادەی دوو هۆکار بوو: یەکەمیان، نەبوونی یەکڕیزی لەناو کوردەکان (هەژاری، ٢٠١٤: ١٦٩). دووەمیان، دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی خۆزاڵکردنی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران، دواتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ گەڕی دووەم و سێیەمی گفتوگۆکان بەڕێوەچوون بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە [بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆبوونەوەکان (مەحمود، ٢٠١٢: ٩٠- ١١٦)].

ڕۆڵی شێخ جەلالەدینی حوسێنی لە ڕووداو و پێشهاتەکانی دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی:

دوای دامەزراندنی حکوومەتی کاتیی بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەند ڕووداوێکی مێژوویی ڕوویاندا، کە زیاتر بوونە هۆی لێکدوورکەوتنەوەی کوردەکان لەگەڵ ئەم حکوومەتە:

**یەکەم: پرسی گشتپرسی – ڕیفراندۆم:**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سەرانی شۆڕش بۆ زیاتر پتەوکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان چەند بڕیارێکیان دەرکرد، یەکێک لە بڕیارەکان بە مەبەستی دیاریکردنی فۆڕمێکی نوێی حوکمڕانی کە بریتی بوو لە کۆماری ئیسلامی، بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی- ڕیفراندۆمیاندا، لە سەرەتادا کورد دژی دامەزراندنی ئەو کۆمارە نەبوون بەو مەرجەی کۆمارێکی دیموکراتیی ئیسلامی بێت، ئەم هەڵوێستەی کوردان دوای بۆچوونەکانی مەهدی بازرگان دێت کە لە وتارێکی

تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندبوو "ئێمە خوازیاری دروستکردنی کۆمارێکی دیموکراتی ئیسلامین" (بهنود، ١٣٩٢: ٤١٧)، بەڵام دواتر هەندێک لە پیاوانی ئاینی لە سەرووی ئەوانیشەوە خومەینی لە وەڵامی بازرگان دووپاتی کردەوە کۆماری دیموکراتی بۆچوونێکی ڕۆژئاواییە و گوتی "من تەنها دەنگ بە کۆماری ئیسلامی دەدەم" (هەژاری، ٢٠٠٨: ١٠١)، بۆیە لە ٣٠-٣١ ئاداری ١٩٧٩ پرۆسەی ڕیفراندۆم بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جۆری حوکمڕانی لە ئێران ئەنجامدرا (ئینشار، ٢٠١١: ٧٢)، لە گشتپرسییەکە دەنگدەران سەرپشکرابوون لە نێوان یەکێک لەو دوو بژاردەیە، ئەوانیش حکوومەتی پادشایەتی یان کۆماری ئیسلامی (منظمي، ١٣٩٢: ٤٣)، خومەینی دوای دەنگدانی گوتی: "ئەمڕۆ لە شوێنێک دەنگم دا کە شەهیدانی شاری قوم لە وێڕا گیانی خۆیان بۆ ئیسلام و کۆماری ئیسلامی بەخت کرد" (ئێرانپەنا، ٢٠١٨: ٥٦٤)، ئەم ڕیفراندۆمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ خودی خومەینی، چونکە ئەو بۆچوونەی کە خۆی بڕوای پێی هەبوو وەدیهات بە جۆرێک خەڵکی ئێران بە ڕێژەی ( ٩٨٪ )دەنگیان بە دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیدا (مستەفایی، ٢٠١٥: ٨٠).

سەبارەت بە هەڵوێستی شێخ جەلالەدین بەرانبەر بە پرسی گشتپرسی تێبینی ئەوە دەکرێت، لە سەرەتادا ڕەزامەند بووە بە پرسەکە، بەو مەرجەی کە حکوومەت دادپەروەر بێت، ئەم هەنگاوەش ڕێگەخۆشکەربێت بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری لە چوارچێوەی یەک وڵات، لە دیدی ئەویشدا ئەوکات ئەنجامی گشتپرسی دەبووە هۆی گەشەسەندن و نەشونمای کۆمەڵگە و پێشکەوتنی لە سەرجەم بوارەکان، و ڕەخساندن و دابینکردنی ژیانێکی شەڕەفمەندانە بۆ تەواوی هاوڵاتیان، و دابەشکردنی خێر و بێری وڵات بەسەر دانیشتوانەکەیدا، بە پێویستیشی زانیوە دەسەڵاتی نوێ" **دارایی**

**بەیتوڵماڵ (بیت المال) نەکاتە پاوانی دەستەی دەسەڵات دار و دڵسۆزی میللەت بێ و خوێندەواری پەرەپێ بدا. . . چۆنی ئیسلامی ڕاست دەیەوێ، ئەگەر وابێ،** خەڵکی موسڵمانی ئێران ڕەئی پێ دەدا" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٦١، ٦٢).

جێگای باسە بەشدارینەکردنی شێخ جەلالەدین لە پڕۆسەکە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری کۆماری ئیسلامی هیچ ئاماژەیەک بە مافی کەمە نەتەوەکان، لە ناویشیاندا گەلی کورد نەکرابوو، لە دیدی ناوبراویش مەبەست لە گشتپرسی فریودانی خەڵک بووە تا حکومەتی ئێرانی بە تەواوی دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا بگرن، بۆیە شێخ جەلالەدین لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەو دروشمە جوانە بۆ فریوی خەڵک بوو تا دەسەڵاتیان دەست کەوێ وەک حەزرەتی عەلی دەفەرموێ"قسەیێکی حەقە و مەبەست نێوەرووکی پووچە" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٦٢).

مایەی ئاماژەیە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان بەلای خۆیاندا لە سەرەتای ڕاپەڕینەکاندا بەڵێنی دابینکردنی ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەرانیان بۆیان دابوو، لەو سۆنگەیەوە سەرەتا کوردەکان ئامادەبوون پشکگیری لە ڕیفرادۆم بکەن بە ئاراستەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی (حوسەینی، (دەستنووس) ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی سازمانی خەباتی ئێران، ٢٢-١١-١٣٦٨)، بەڵام دواتر کوردەکان بۆیان دەرکەوت کە حکوومەتی ئێران ئامادە نییە داواکارییەکانیان جێبەجێبکات، بۆیە زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان و پیاوانی ئاینی و حزب و ڕێکخراوەکان لە ناویشیاندا شێخ عیزەدینی حوسەینی ڕەتیکردەوە بەشداری لە پڕۆسەکە بکەن، سەبارەت بە پارت و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوانە؛ کۆمەڵە لە بنەڕەتدا ڕیفراندۆمەکەی بە ناڕەوا زانیوە، بۆیەش دژی بەشداریکردن بووە (حمەلاو، ٢٠١٧: ٢٦٥). ئەوەی تایبەتیشە بە حدک

بیروڕای جیاواز هەبوو لەسەر بەشداریکردن لە ڕیفراندۆم بە تایبەتی لە نێوان هەریەک لە غەنی بلوریان و قاسملۆدا، پاشان بە تێکڕا بڕیاری بەشدارینەکردنیان لە پڕۆسەکەدا داوە، بەڵام ئەحمەد موفتی زادە کە خاوەنی مەکتەبی قورئان لە شاری سنە بوو، بڕیاری بەشدارکردنی دا لە پرسی ڕیفراندۆم و دەنگی بە کۆماری ئیسلامیدا، هۆکاری بەشداریی ناوبراویش بۆ ئەو بەڵێنانە دەگەڕێتەوە کە سەرانی شۆڕشی ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕش بە کوردیاندابوو (بلوریان، ١٩٩٧: ٣٠١-٣٠٢).

**دووەم: شەڕی نەغەدە:**

لە درێژەی ناکۆکییەکانی نێوان حکوومەتی ئێران و کوردەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا کە دواتر سەری کێشا بۆ تەقینەوەی ڕوودانی شەڕی نەغەدە، ئەمەش وەکو کاردانەوەیەکی کۆماری ئیسلامی بوو لە بەرانبەر بەشدارنەکردنی زۆرینەی جەماوەری کورد لە ڕیفراندۆم، حکوومەتی ئێرانی هەوڵیدا کێشەی مەزهەبی بخاتە نێوان کورد و ئازەرییەکان، و توانی ئامانجەکە بپێکێ، چونکە سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە بووە هۆی کوژران و بەدیلگرتی ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٦)، کەسایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە کۆتاییهێنان بەو شەڕە نەخوازراوە، بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەک پێکهێنرا کە پێکهاتبوون لە جووتە برا شێخ عیزەدین و شێخ جەلالەدین و قاسملۆ و ئەحمەد سیراجی لەگەڵ حکوومەتی ئێران کەوتنە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ئەنجامدا بڕیاردرا دیلەکان ئازادبکرێن و کۆتایی بە کێشەکان بهێنن (ستار، ٢٠١٥: ٥٩).

**سێیەم: سەرهەڵدانی کێشە و گرفتەکانی نێوان ئاغا و جوتیارەکان:**

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی شا، لەپاڵ گیروگرفتی سیاسی کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەلایەتیش لە ئێران و کوردستان سەریانهەڵدا، ئەمەش لە

ئەنجامی ئەوسیاسەتە بوو کە محەمەد ڕەزا شا لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیڕەوی کردبوو، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانەوەی کێشەی نێوان ئاغا و جوتیارەکان (حەسەن زادە[٩]، گفتوگۆی تەلەفۆنی: ٢٠ئەیلول٢٠٢١) لە سەردەمی شادا زۆربەی زەوییەکان لە ئاغاکان وەرگیرابوونەوە و بەسەر جوتیارەکاندا دابەشکرابوون، ئەمەش بووە جێی ناڕەزایی و نیگەرانیی ئاغاکان (پێشنماز[١٠]، چاوپێکەوتن: ١٣ئەیلول ٢٠٢١)' هەربۆیەش ئاغاکان خۆیان بە ستەملێکراو دەزانی و هەوڵیاندا سوود لەو گۆڕانکاری و هەلومەرجە نوێیانە وەربگرن کە لە بەرەنجامی گۆڕینی سیستەمی نوێ هاتبووە کایەوە، تاوەکو موڵکەکانیان وەربگرنەوە (حەسەن زادە، پەیوەندیی تەلەفۆنی: ٢٠ ئەیلول٢٠٢١)، لە بەرانبەردا جوتیارانیش شۆڕشی١٩٧٩یان وەک دەرفەتێکی لەبار دەزانی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ستەمەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا لەلایەن ئاغاکانەوە لێیانکرابوو (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٣١٤).

لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان جوتیار و ئاغاکان شێخ جەلالەدین ڕۆڵێکی گرنگیی گێڕاوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک سەردانی گوندەکانی سەربە بانەی کردووە. ئەو هەوڵەی شێخ جەلالەدین تەنیا لە بانە و ناوچەکانی دەوروبەری قەتیس نەبووە، بەڵکوو لە هەر ناوچەیەک کێشەیەکی هاوشێوە هەبووایە هەوڵی چارەسەری بۆ داوە (پێشنماز، پەیوەندی تەلەف: ١٣ ئەیلولی ٢٠٢١)، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٩ بە سەرکردایەتی٧٠ پێشمەرگەی دەفتەری شێخ عیزەدینی حوسەینی (١١) سەردانی گوندی تیلەکۆی شاری سەقزی کردووە (محەمەد، ٢٠٢٠: ٢٢٢-٢٢٣)، بە مەبەستی ئاشتەوایی نێوان ئاغا و جوتیارەکان کە کۆنە دەرەبەگەکانی ناوچەکە بە شەڕیان دابوون، لە نێوان هەردوولادا کوژراو و بریندار هەبووە (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣)، ٢٠٠٨: ١٦٦)، تەنانەت

تەرمی کوژراوەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مابوونەوە، بەڵام دوای چوونی شێخ جەلالەدین و پێشمەرگەکان بۆ ناوچەکە توانی چارەسەری کێشەکانیان بکات و تەرمەکانیش بنێژرێن، هەر لەم سەروبەندەدا بووە، یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان شێخ جەلالەدین و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دروستبووە، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئاگاداری مەبەستی ناوبراو بوونە لە گەشتەکەی و چاودێرییان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە سەید حەسەنی کولیجی کە جێگری پارێزگاری ناوچەکە بووە سەردانی گوندی سێ تەپانی سەر بە شاری دیواندەرەی کردووە (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٨١)، دواتر سوپای پاسداران هێزێکیان ناردە سەر شێخ جەلالەدین لە گوندی سێ تەپانی شاری دیواندەرە، ئەمەش بە دەسپێکی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دادەنرێت، بەڵام لەم شەڕەدا شێخ جەلالەدین و هێزەکەی توانیان بەسەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەون و جگە لە کوژراو و بریندار چەند سەربازێکی کۆماری ئیسلامی بەدیلبگرن، لەناویاندا فەرماندەی هێزی پاسداران بوونی هەبووە (سەفا، گۆڤار، ژ: جمک (٢-٣)، ٢٠٠٨: ١٦٦).

## هەڵوێستی شێخ جەلال بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان:

ناکۆکییەکانی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامی هەنگاوبەهەنگاو بەرەو خراپی دەڕۆیشت، هۆکاری زۆریی ئەم ناکۆکییانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕشتبوونی کوردەکان لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانیان، لە بەرانبەریشدا پشتگوێخستنی ئەو مافانە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە، ئەمەش شیمانەی ڕووداوگەلێکی نەخوازراوی لێ چاوەڕوان دەکرا، ئەوەبوو سەرەتای ڕووداوەکان لە شاری پاوەوە دەستیانپێکرد، ئەویش لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییە کۆنەبووە کە لە نێوان خەڵکی شاری پاوە و

بەشێک لە جافەکان هەبووە (بلوریان، ١٩٩٧: ٢٢٠)، بە دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی حکوومەتی عێراقی سەریهەڵدابوو، ئەمە بووە دەرفەتێکی باش بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە شارەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە خۆیان گلاندە ڕووداوەکە، لە ئاکامدا شەڕ لە نێوان کوردەکانی پاوە و سوپای پاسداران بەرپا بوو، کە ژمارەیەک لە دانیشتوانی شاری پاوە کوژران، لە بەرانبەر ئەم کوشتارەدا لە ٨ی ئابی ١٩٧٩ خەڵکی شارەکە هێرشیان کردە سەر سوپای پاسداران و شەڕ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوامی هەبوو، نائارامی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشابوو، کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر بارودۆخەکە هێزی زیاتریان ناردە ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر داوای ڕاستەوخۆی خومەینی مستەفا چەمەرانی لە ١٧ی ئابی هەمان ساڵدا بە هێزێکی تۆکمەوە (مستەفایی، ٢٠٠٦: ١٧-٢١) هێرشێکی توندی کردۆتە سەر خەڵکی پاوە لە ئەنجامدا کوژرانی ژمارەیەک لە خەڵکی شارەکەی لێکەوتەوە و توانییان ئامانجەکەیان بپێکن کە بریتی بوو لە گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکوومەت بۆ شارەکە، ئەمەش دوای فرمانی خومەینی دێت کە داوای لە هێزەکانی ئێران کرد کە بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر دەست بەسەر شارەکەدا بگرن ئەگینا بەرپرسیار دەبن (بدون اسم، روزنامه (اطلاعات)، ژ، ١٥٩٣١، ٢٧ مرداد ماه ١٣٥٨).

ئەم ڕووداوە بیانوێکی باشی دابووە دەست دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تاوەکو بە ناوی پاراستنی ئاسایشی ئێران هێرشی سەرتاسەری بۆسەر کوردستان ئەنجامبدەن، بە تایبەتی دوای دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی لە ١٨ئابی١٩٧٩، سەرەتا هێرشەکە لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٩دا دەستپێکرد و لە ئەنجامدا شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری ڕوویدا کە بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوامبووە (مەحمود، ٢٠١٢: ٨٠-٨١) کە بە شەڕی سێمانگە ناسراوە، لە ئەنجامی هێرشەکە سوپای

پاسداران سەرکەوتوو بوو لە دەستبەسەرداگرتنەوەی زۆربەی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بۆیان (بلوریان، ١٩٩٧ : ٢٢٠؛ بەهرامی، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، ٣١١: ٢٠ی ئۆگێستی ٢٠١٩)، کۆمەڵێک فاکتەر یارمەتیدەربوون بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوانەش؛ ناهاوسەنگیی هێز لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەر، تەنانەت هیچ کام لە پارتە کوردستانییەکان خاوەن هێزێکی ڕێکخراو نەبوون، ئەمە و سەرباری نەبوونی یەکڕیزی لە نێوانیاندا (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٨٩).

شایانی باسە بۆ زیاتر زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە ناهەموارەی کوردستان حکوومەتی ئێران لە ٢٥ ئابی ١٩٧٩ بە دیاریکراوی ڕۆژێک دوای جەژنی ڕەمەزان ئایەتوڵا سادق خەڵخاڵی لەسەر فەرمانی خومەینی وەکوو حاکمی شەرعی بۆ کوردستان نێردرا (قبادی، ٢٠١٥: ٢٧٧، ٢٧٨)، هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە بە ناوی دادگای شۆڕشەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکانی کوردستانی بە تۆمەتی جیاجیا دادگایکردن و دواتر گوللەبارانی کردن (بهرامی، روزنامە (اطلاعات)، ژ، ١٥٩٤٠: ٦ شهریورماه ١٣٥٨).

ئەوەی تایبەتیشە بە هەڵوێستی شێخ جەلالەدین دەربارەی شەڕی سێمانگە ناوبراو پێی وابووە دەبێ بەرگری لە خاک و وڵات بکرێت، واشی بۆچووە حکوومەتی ئێران بە دەسەڵاتی خۆی نازیوە و ئامادە نییە لە ڕێگای دانووستان و گفتوگۆ دان بە مافەکانی میللەتی کورد بنێت، بۆیە پێویست بووە بە هەموو تواناکانی خۆیانەوە بەرگری لە مافەکانیان بکەن، هەروەها ڕەوایەتی بە بەرگریکردن لە خاکی وڵات داوە بە گوێرەی یاسا و دەستوورە نووسراو و ڕێسا ئاسمانییەکانیش (صەفا، ڕۆژنامە (تێکۆشان)ژ. ٢٠٩: ٢٨فوریەی ٢٠٠٩)، بۆیە ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەمن کە مەلام و لە کۆنەوە نیشتیمانپەروەرم و خەون بە ئازادی کورد

و کوردستانەوە دەبینم، بە پێویستی دەزانم بۆ بەربەرەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە زانستی دینی و مێژووی و نفوزی کۆمەڵایەتم کەڵک وەرگرم، واشم کردووە و تا ماووم ئەوە باوەڕو ئەرکم دەبێ بە ویستی پەروەردگار" (سەفا، گۆڤار (K21) ژ: جمک (٢-٣)، ٢٠٠٨: ١٦٧).

مایەی ئاماژەیە لە هەڵوێستی شێخ جەلالەدین لەمەڕ شەڕی سێمانگە تێبینی دەکرێت وەک سەرداریکی سەربازیش دەرکەوتووە، بۆ نموونە لە مانگی تشرینی یەکەمی١٩٧٩ بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای کۆماری ئیسلامی سەرکردایەتی هێزێکی پێشمەرگەی سەربە دەفتەری شێخ عیزالدینی برای کردووە، وە لە شەڕەکەدا جگە لە تێکشکانی ژمارەیەک لە تانک و تۆپی حکومەت ژمارەیەک لە سەربازانی سوپای پاسداران و لە لایەنی بەرانبەریش هەشت پێشمەرگە کوژراون (فەرد، ڕۆژنامە(تێکۆشان)، ژ، ٢٢٧: ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠).

شایەنی باسە دوای سێ مانگ لە شەڕکردن خودی خومەینی هاتە ئەو بڕوایەی ڕێگای دانووستان و گفتوگۆ بگرێتەبەر، ئەوەش زادەی دوو فاکتەر بووە لە ئاستی ناوخۆ هەریەک لە قەیرانی ئابووری و شکستی حکوومەت لە هێرشە سەربازییەکان، بوونەتە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو باڵی ئاینی و مەدەنی لە ناو دەسەڵاتی ئێرانی، تایبەت بە فاکتەری دەرەکیش لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ کێشەی بارمتە ئەمریکییەکان سەرهەڵدەدات، ئەمەش دوای ئەوەی ژمارەیەک لە کارمەند و هاوڵاتیی ئەمریکی لە ناو باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە تارانی پایتەخت وەک بارمتە دەستبەسەردەکرێن، کە کاریگەری لەسەر ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی ئێرانی- ئەمریکی هەبووە هەرچەندە خومەینی دروستکردنی کێشەی بارمتەکان بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی خودی خۆی بووە لە ئێران، لە لایەکەی تر ڕەخساندنی زەمینە بۆ هەڵبژاردنی یاسای بنەڕەتی نوێ کە لە ٥ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵی بۆ

دیاریکرابوو (سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٤٣٨)، بۆیە ناوبراو بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر کێشە ناوخۆییەکان، لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لە پەیامێکی ئاڕاستەکراو بۆ گەلی کورد، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕیدا (ئەمین، ١٩٩٧: ١٣١-١٣٣)، هەروەها لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر برایەتی و یەکڕیزیی گەلانی ئێران کردۆتەوە، و ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بە گفتوگۆی سیاسی ڕاگەیاندبوو، لە سەر بنەمای ئەم پەیامەش لە ٧ ئەیلولی ١٩٧٩ کۆماری ئیسلامی بۆ جاری دووەم شاندێکی بە سەرکردایەتی (داریوش فروهەر) ناردە کوردستان بۆ دیدەنیی سەرکردە سیاسی و ئاینییەکان، بەڵام فروهەر و شاندەکەی بە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵیانداوە بەجیا لەگەڵ پیاوانی ئاینی و سیاسی کۆببنەوە (ستار، ٢٠١٥: ٦٧).

شاندەکە بە مەبەستی گفتوگۆکردن و گەیاندنی ڕای فەرمیی خومەینی و حکوومەتی ئێرانی بە خەڵکی بانە، سەردانی شارەکەیان کردووە، میرزا ڕەئوف تەوەکولی کەسایەتیی بانە لەسەر داوای شاندەکە پەیوەندی بە شێخ جەلالەدین دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ فروهەر و شاندەکەی کۆببێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، تەوەکولی وای بۆ چووە ئەگەر هەردوولا بگەنە ڕێکەوتن ئەوا دەتوانرێ کێشەی کوردستان بە تەواوی چارەسەر بکرێت بۆیە ناوبراو دەڵێت ” گرێ کوێرەی کوردستان لە بانە بکەنەوە“ (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٩٥).

شایانی باسە شێخ جەلالەدین ڕەتی کردۆتەوە، چارەسەری کێشەی کوردستان تەنها بە نوێنەرانی شاری بانە بکرێت، چونکە پێشووتر چەند جارێک لە لایەن نوێنەرانی کورد لە دانیشتنەکانی مهاباد و تاران و قوم نەتوانراوە چارەسەری کێشەکان بکرێت، بۆیەش وای بۆ چووبوو ئەگەر گرێکوێرەی کوردستان بە شێخ عیزەدین و قاسملۆ نەکرێتەوە ئەستەمە بە

نوێنەرانی خەڵکی بانە بکرێتەوە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بە پێویستی زانیبوو شاندەکەی حکوومەت بۆ چارەسەری کێشەکان سەردانی مهاباد بکات، لەبەر ئەوەی لە دیدی شێخ جەلالەدین ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی تەواوی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون، هەروەها باوەڕی وا بووە دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان دەبێت کۆدەنگیی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر بێت (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٩٥) و لە دیدی ئەویشدا خەڵکی بانە تەنیا لە توانایاندایە کاروباری شارەکەیان بەڕێوەببەن نەک ببنە دەمڕاستی تەواوی کوردستان، بۆیە شێخ جەلالەدین ڕەتیدەکاتەوە لەگەڵ هیچ شاندێک کۆببێتەوە، دیارە شێخ جەلالەدین زیرەکانە پلانی شاندەکەی بۆ لێکترازاندنی یەکێتیی ڕیزەکانی کوردی بۆ دەرکەوتووە، و درکی بەوەش کردووە مەبەستی ئەم شاندە تەنها کات کوشتن و بەهێزکردنی حکومەتەکەیان و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان بووە (فەرد، ڕۆژنامە (تێکۆشان)، ژ، (٢٢٧): ٢٢ی سپتامبری ٢٠١٠).

پێویستە بگوترێ بۆ زیاتر نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی خەڵخاڵی هەوڵیداوە ڕیزی کوردەکان تێکبدات، ئەویش بە پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بەرانبەریان، بۆ نموونە لە هەنگاوێکی مەبەستداردا دوو نامەی تایبەتی بە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی ئاینی بۆ شێخ جەلالەدین ناردبوون، لە هەردوو نامەکەدا باسی پەیوەندییە بەهێزەکانی خۆی و ناوبراو دەکات، سوپاسی هاوکارییەکانی ڕابردووی لەکاتی دوورخستنەوەی لە لایەن شاوە بۆ ناوچەکەیان دەکات، شێخ جەلال لەو بارەیەوە دەڵێت "داوای کردبوو کە من دوای کمونیستەکانی قاسملوو نەکەوم" (حوسەینی، (دەستنووس)، ئەرشیفی سازمانی خەبات: ٨٩).

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە هەردوو نامەکەی خەڵخاڵی کە بۆ شێخ جەلالەدینی ناردوویەتی هیچ چارەسەرێکی سیاسییانەی بۆ پرسی

کورد تێدا نەبووە، هاوتەریب داواکارییەکانیشی بە تەواوی فەرامۆش کردبوون، نەک هەرئەوەندە، بەڵکوو کۆمەڵێک چاوبەستی بەرانبەر بە پرسی کورد تیادابووە، بۆیە ئەگەر بە وردی شەنوکەوی زانیاریی نێو دووتوێی هەردوو نامەکە بکەین دەگەینە چەند ڕاستییەک لەوانەش:

١- لە نامەکەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەسەڵاتی نوێ لە تاران بەردەوام هەوڵی ئاشتەوایی داوە و ئەوە گەلی کوردە دەستپێشخەرییەکە ڕەتدەکاتەوە، هەروەها خەڵخاڵی بێئاگایی خۆی لە هاتنی هەموو ئەو شاندە کوردییانە نیشانداوە، کە بۆ مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد سەردانی شارەکانی قوم و تارانیان کردووە.

٢- بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کوردییەکان، خەڵخاڵی گەرەکی بووە سوود لە پێگە ئاینییەکەی شێخ جەلالەدین وەربگرێت هەربۆیەش نامەکانی لە ڕێگای دەستەیەک لە پیاوانی ئاینی بۆ ناوبراو ناردووە.

٣- خەڵخاڵی وای خۆنیشاندا بوو کە پیاوێکی بە وەفا و بە ئەمەکە بەرانبەر شێخ جەلالەدین چونکە لەکاتی دوورخستنەوەیان بۆ بانە ناوبراو یارمەتییەکی زۆری داوە.

٤- خەڵخاڵی دژایەتیی ئەمریکای کردبووە بیانوویەک بۆ ڕاکێشانی سۆزی شێخ جەلالەدین، و ئەو دەربەدەری و بەدبەختییەی کە بەسەر کورددا هاتبوو خستبوویە پاڵ ئەمریکا، لە هەمان کاتدا پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک داردەستی ئەو وڵاتە وێناکردبوو، و دەیویست بەو بیانووە ناوبراو بکات بەگژ ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە لەوکات لە ڕۆژهەڵاتی کورستان بوون.

٥- خەڵخـــاڵی داوای لە شـــێخ جەلالەدیـــن کـــردووە  واز لە خەبـــاتی چەکداری بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ لای سـەرانی کۆمـاری ئیســـلامی باســـی لێهـــاتوویی شـــێخ جەلالەدیـــن  بکـــات، تەنـــانەت بەرپرسیاریەتیی ناوچە کوردییەکانیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی.

٦- پێویسـتە بگوترێـت شـێخ جەلالەدیـن نەکەوتـۆتە ژێـر کـاریگەریی نامەکـــانی خەڵخـــالی، بەڵکـــو بە تونـــدی ڕووبەڕووی هەوڵەکـــانی بـــۆتەوە، تەنـــانەت خەڵخـــاڵیی بە خـــوێنڕێژ وەســـفکردووە، وەک دەنوسێت **"کە تۆ تـا ئانیشـکت لە خـوێنی کـورانی کوردەواریـدایە داوا لەمن دەکەی کە چش لەخوێنی ئەوانە بکەم بێمە لای تۆچۆن. . . . .** " (حوســـەینی، (دەســـتنووس)، ئەرشـــیفی ســـازمانی خەبـــات: ٨٩).

## ئەنجام

سالانی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی شێخ جەلالەدین دادەنرێت، تیایدا بە شێوەیەکی کارا تێکەڵ بە کاری سیاسی دەبێت و بەشداری بەشێک  لە خۆنیشاندانەکانی شارە کوردییەکان دەکات. لە ساڵی ١٩٧٨ ڕۆڵی لە هاندان و ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین دەبێت، و لە ڕێگای وتارەکانی هانی جەماوەری ڕاپەڕیوی داوە بۆ وەستانەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی هاوکات مەبەستی بووە نەوەیەکی وشیار ئامادە بکات بۆ بەرگریکردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، جگە لە هەوڵەکانی  بۆ  بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی، لە ڕێگای دروستکردنی شوڕا و باش بەڕێوەبردنی کارگێڕیی شار، یەکەم ئەزموونی  کارکردنی لە کاری شوڕایی  لە ساڵی ١٩٧٩ بووە کاتێک وەک سەرۆکی شوڕای شاری بانە هەڵبژێردراوە.

له سەرەتادا له دژی دەسەڵاتدارانی شا پشتیوانیی شۆڕشی گەلانی ئێرانی کردووە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نوێیە لە ئاست خواست و داواکارییەکانی گەلی کورد نەبووە و بۆی دەرکەوتووە ئامادە نییە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت، بۆیە لەو سۆنگەیەوە بڕیاردەدات ڕووبەڕوویان بێتەوە، دوای ڕووخانی دەسەڵاتی شا و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی نوێ لە ئێران سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی هەوڵیداوە وەک کەسایەتییەکی ئاینی کاریگەری لەسەر بکات، بەڵام شێخ جەلالەدین نەهاتۆتە ژێر باری ئەو هەوڵانەی ئەو دەسەڵاتە نوێیە.

شێخ جەلالەدینی حوسێنی وێڕای ئەوەی کەسایەتییەکی ئاینی بووە، ڕێزی لە بیروباوەڕە جیاوازەکان گرتووە و کاری هاوبەشی لەگەڵ ئەنجامداون، لە تەمەنی لاوییەوە دەستی کردووە بە خەباتی سیاسی و مەدەنی، و دواتریش خەباتی چەکداری لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی میللەتەکەی.

شێخ جەلالەدین هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩، پێی وابوو یەکیەتی و تەبایی دەتوانێ کوردستان بکاتە هێز و قورسایی وا کاریگەر کە کۆماری ئیسلامی مل بە ماف و ئازادییەکانی کورد بدات هەر بۆیە کاری زۆری لەسەر یەکڕیزیی لایەنەکان کردووە.

ئەگەر چی خۆی دانیشتووی شاری بانە بووە، بەڵام هەوڵ و خەباتی لە چوارچێوەی شارەکەی قەتیس نەبووە، بەڵکوو هەوڵی بەرقەرارکردنی ئاشتی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتي و یەکڕیزی لە شارە کوردییەکانی تریش داوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین گەشتی بەشارەکانی کوردستاندا کردوون.

## پەراوێزەکان

(١) ناســناوی بنەماڵەکەیــانە، دوو بۆچــوون دەربــارەی ناســناوەکەیان هەیە، بۆچـوونی یەکەم جەخـت لەوە دەکـاتەوە کە هەمـوو بنەماڵەیـەک لە ئێـران هەڵگری ناسـناوێکن و بە نـاوی سـیانی ناوەکانیـان نـاهێنرێن، ئەم ناسـناوەش بۆ ئەم بنەمـاڵەیە هەر لەو سۆنگەیەوە بووە، بۆچوونی دووەم وای بۆچووە ئەم بنەمـاڵەیە لە سـاداتی بەرزنجین و سـەیدن لە نەوەکـانی ئیمـام موسـای کازمن و دەگەڕێنەوە بۆ سـەر بنەچەی ئیمـام حوسـەینی نەوەی پێغەمبەر(د. خ) (حسێنی، پەیوەندیی تەلەفۆنی: ٢٢حوزەیرانی٢٠٢١).

(٢) لە سـاڵی ١٩٣٩ لە گونـدی سـەرقووڵ سـەربە شـاری بـانە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لەدایکبووە. مۆڵەتی مەلایەتی لە لای مامۆستا مەلا سید سـەلامی لە واوان وەرگرتووە، ناوبراو ئەندامی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان بـووە. لە سـەرەتای دروسـتبوونی دەفـتەری شـێخ عیزەدینـی حوسـەینیدا ئەندامی سەرەکی بووە، و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سـازمانی خەبـاتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردسـتاننی ئێران بووە، ئێسـتا نیشـتەجێی وڵاتـی سـویدە، و بەردەوامە لە کـار و چـالاکیی سیاسـی. (حسـێنی، پەیوەنـدیی تەلەفۆنی: ٢٢حوزەیرانی٢٠٢١).

(٣) بۆ ئەم مەبەستە کادر و لایەنگرەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێری (ح. د. ک) لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ دەستیانکرد بە خۆئامادەکردن بۆ هەڵگیرساندنی ئەم بزوتنەوە چەکدارییە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دواتر دامەزراندنی سەرکردایەتییەک کە خۆی لە ٢١ ئەندام دەبینییەوە، و بە مەبەستی برەودان بە هەستی شۆڕشگێڕی بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی (تیشک)یان داوە لەگەڵ پێکهێنانی هێزێک کە ژمارەیان خۆی لە ١٠٠ چەکدار دەبینییەوە، هاوکات دەستیان کرد بە جموجۆڵ و چالاکییەکانی لە شارە کوردییەکان (سەردەشتی، ٢٠٠٢: ٣٣-٤٠؛ سەردەشتی، ٢٢٩، ٣٤٢).

(٤) کوڕی شێخ جەلالەدینی حسێنی  لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری بانە  لەدایکبووە، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بووە بە پێشمەرگە، لە لە کۆنفراسی ١٩٨٣ کە لە قەزای ماوەت بەستراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی سازمانی خەبات کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوە, لە کۆنگرەی دووەم لە ساڵی ١٩٨٦ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی،  لە کۆنگرەی سێیەمیی حزبیش لە ساڵی ٢٠٠٤ وەک سکرتێر هەڵبژێردراوە (بابەشێخ، چاوپێکەوتن، ٥ تەموزی ٢٠٢١).

(٥) ئەم پارتە لە ئازاری ١٩٧٥ بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزاشا بە سەرکردایەتی عەباس هویدا دامەزرا، ئامانج لە دامەزراندنی لەلایەن ناوبراو بۆ شوێنگرتنەوەی هەموو پارتەکانی تر بوو، لەو مێژووە بەدواوەش سیاسەتی تاک حزبی پەیڕەوکرد، بەمەش ئازادییە سیاسییەکان بە تەواوی بەرتەسک بوونەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. (خەیاڵی,٢٠١٩: ٢٥).

(٦) لە گوندی شەڵماش سەر بە شاری سەردەشت لە ساڵی١٩٣١ لەدایکبووە، برای مەلا ئاوارە بووە کە لە ساڵی ١٩٦٨ کوژاوە، سەرەتا لەلای باوکی خوێندوویەتی، پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان هاوشانی نووسین لە بواری زانستە ئیسلامییەکاندا بوارەکانی تری وەرگێڕان و ڕۆمان و فەرهەنگ و کەلەپووریشی فەرامۆش نەکردووە، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و وەکو زانایەکی ئاینی دەستبەکاربووە، ، ئێستا لە وڵاتی فیلەندە دەژی (شەڵماشی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢١)

(٧) کوڕی مەلا مەحموودی موفتی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای دیشەییە، لە بنەماڵەیەکی زانستخواز و ئاینی  بووە لە ساڵی ١٩٣٣، لە شاری سنە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٣  بۆ بانگەشەکردنی بیروڕای ئیسلامی چەند خوێندنگایەکی لە شاری سنە بەناوی مەکتەبی قورئان دامەزراندووە، و ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەکانی ئێران لە سەردەمی هەردوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەند کراوە لە ساڵی ١٩٩٣ لە تاران کۆچی دوای کردووە لە شاری سنە بە خاک سپێردراوە، (گردەشینەیی,٢٠١٠: ٨).

(٨) له ١٠تشرینی دووەمی١٩٧٥ به سەرپەرشتی مەسعود بارزانی دامەزراوە، تا کۆنگرەی نۆیەمی (پ. د. ک) له١٩٧٩ بەردەوام بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه (الخرسان، ٢٠٠١: ٢٤٥-٢٥٦ ؛ گەوهەری، ٢٠٢٠: ٤٢-٤٤ ).

(٩) له ساڵی ١٩٣٩ له گوندی سیسێری سەر به شاری سەردەشت لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی له حوجرەی فەقێیان دەستپێکردووە، زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، له تەمەنی سیانزە ساڵیدا پەیوەندی به ڕیزەکانی (ح. د. ک) کردووە هەموو پلەکانی حزبی بڕیوە له ئەندامێتی تاوەکو پلەی سکرتێری، ئێستا له شاری کۆیە نیشتەجێیە و بەردەوامە له کاری سیاسی (نستانی، ٢٠٠٨: ٢٠-٢٥).

(١٠) کوڕی مەلا ڕەحمان پێشنمازە له ساڵی ١٩٣٤ له هەواری نێرخاسان له ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایکبووە، که بنەماڵەی بەنی عەباسی ناسراون، له ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی به ڕیزەکانی (ح. د. ک) له ساڵی ١٩٦٣ مەهابادەوە بەرەو کوردستانی باشور کۆچ دەکات، وە لەهەمان ساڵدا پەیوەندی بەڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، له نیسانی ساڵی ١٩٨٨ وازهێنانی خۆی له ڕیزەکانی (ح. د. ک) ڕاگەیاندووە لەو بەروارە بەدواوە له سوید نیشتەجێبووە. ( پێش نماز، ، ٢٠١٢: ٩)

(١١) له١١ی ئەیلولی ١٩٧٩ به سەرکردایەتی شێخ عیزەدینی حوسێنی هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵە کەسایەتییەک له توژەڵە له ناوچەی وەزنێی شاری سەردەشت دامەزراوە، ناوەندەکەیان له شاری مهاباد و لقی له شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەبووە (ئەسکەندەری، ٢٠٢١: ٣١١)، شێخ جەلالەدین کاروبارەکانی دەفترەکەی له شاری بانه ڕایی ڕای کردووە (ستار، ٢٠١٥: ٧٥).

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: دەستنووسەکان:**

دەستنووسی شێخ جەلالەدین حوسێنی بڵاونەکراوە، ئەرشیفی سازمانی خەباتی ئێران.

**دووەم: ئەرشیفی ڕادیۆ**

شەیما سەعید، ئەرشیفی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان "سەبارەت بە ژیان و کەسایەتی شێخ جەلالەدین حسێنی "بەرنامەی ئافراندن، ٢٠٢٠/٧/١٧، ١٢: ١٠.

شێخ جەلالیەدین حوسێنی" دەیەی فەجری دوای مەرگی خومەینی"(ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران ئۆرگانی ڕاگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ٢٢-١١-١٣٦٨)٤.

شێخ جەلالدین حوسێنی"دوانزەهەمی ڕێبەندان ساڵ ڕۆژی گەڕانەوەی ئیمامی سێزدەهەمین"(ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران ئۆرگانی ڕاگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ١٣-١١-١٣٦٦)٣.

شێخ جەلالەدین حوسێنی"شای دیکتاتۆر چی بەسەرهات" (ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران ئۆرگانی ڕاگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەڕێکەوتی ١٣٧١، ٦-٧).

**سێیەم: کتێبە بەڵگەنامەییەکان**

مەزهەر، کەمال (٢٠٠٩)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیا، چ٢، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان.

**چوارەم: نامەو تێزە زانکۆیەکان**

سنەوبەر سەردار ستار(٢٠١٥)، شێخ عزالدینی حوسێنی١٩٧٩-١٩٨٩ ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی.

**پێنجەم: یاداشت و بیرەوەری:**

**بەکوردی:**

ئەحمەد قازی (٢٠٢١)، لەگەڵ تێپەربوونی زەمان١٩٣٦-٢٠١٥، چ١، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.

ئەسکەندەری، ئەحمەد(٢٠٢١)، بیرەوەری و یاداشت(١٩٤٨-١٩٨٠)، چ، ١، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق١٩٧٩-١٩٨٣( ب. ش. چ).

ئێرانپەنا، سەرهەنگ مەحمود(٢٠١٨)، مێژووی هاوچەرخی ئێران بیرەوەریێکانی ئەفسەریێکی کورد لە سوپای ئێراندا، و: ڕەفعەت موڕادی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ئیمامی، حاجی مامۆستا مەلا محەمەد (١٣٩٩)، بیرەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامی، چ١، چاپخانەی خانی، سەقز.

بلوریان، غەنی (١٩٩٧)، ئاڵەکۆک بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم.

پێش نماز، مەلا ڕەسول (٢٠١٢)، سەربردەی ژیانم، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران(٢٠١٨)، کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ جەلال حسینی  و بەشێک لە وتارەکانی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٤ی زاینی، (ب. ش. چ).

گەوهەری، حامید(٢٠١١ )، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵدا ١٩٧٨-١٩٨٨، ب١، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مستەفایی، تەیموور (٢٠١٥)، ٧٠وێستگەی مێژوویی، چ١،  کوردستان.

مەرەسەنە, خدر (٢٠٠٤)، ئاوێنەی ڕاستیەکان، چ٢، چاپخانەی قانع، سلێمانی.

نستانی، کوێستان(٢٠٠٨) عەبدوڵڵا حەسەن زادە ژیان و ڕۆڵی سیاسی و فەرهەنگی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا 1997 -1938، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

به فارسی:

قبادی، گلرخ(٢٠١٥) شقایق ها بر سنگلاخ زندگی و زمانەی یک زن کرد از کردستان ایران، چ١، ب. م. چ.

**شەشەم: کتێبەکان**

**بە زمانی کوردی**

برایم فەڕشی(٢٠٠٨)، سەدەی کارەسات گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان, چاپخانەی شڤان, سلێمانی.

حەمەلاو، شەیما سەعید (٢٠١٧)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کۆمەڵە(سازکا)١٩٦٩-١٩٨٨، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

خەیاڵی, لوقمان(٢٠١٩), ئێران لەسەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا١٩٢٦-١٩٧٦ز,چاپخانەی کارۆ, سلێمانی.

رەحمان نەقشی(٢٠١١)، کورتەیەک لە ژیاننامەی کەسایەتی و ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(ب. ش. چ).

سالح, حەکیم مەلا(٢٠٠٩)"زایەڵەی شێخێکی دیکەی ڕاپەڕیو: چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی سیاسی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی", دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی.

سیوەیلی و هەڵەدنی، ڕابەر، ژیلوان(٢٠١٨)، سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران ١٩٨٠-١٩٨٧ ,چ١، چاپخانەی یاد، ب. ش. چ.

سەردەشتی, یاسین (٢٠٠٣), کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩ ب. ش. چ, سلێمانی.

کەنداڵ و ئەوانی دی(٢٠٠٢)، گەلێکی پەژمۆدە و نیشتیمانی پەرت، و: م. گۆمەی، سوید.

سەردەشتی، یاسین(٢٠٠٢)، خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێو خۆییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جوڵانەوەی چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران، چ١، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

شێخانی، هۆشمەند عەلی مەحمود(٢٠٠٧)عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆلی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا١٩٣٠-١٩٨٩، چ١، چاپەمەنی شەهاب، هەولێر.

گادانی, جەلیل(٢٠٠٨)، پەنجا ساڵ خەبات, ب١, چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆک.

گردەشینەیی, عبدالقهار شێخ قادر شێخ نوری(٢٠١٠)، ئەحمەد موفتی زادە. . . تروسکێ لە پەیمانەکانی(ب. ش. چ).

گەوهەری، حامید(٢٠٢٠)، قیادە موەقەت، چ١، ب. ش. چ، ستۆکهۆڵم.

مەحمود، هۆشمەند عەلی (٢٠١٢)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەلێر.

نێروەی، عەلی تەتەر(٢٠٠٨ )، بزاڤی رزگاری خوازیخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشور لە ساڵەکانی جەنگی عێراق- ئێران دا(١٩٨٠-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

هەژاری، شەریف عەلی(٢٠٠٨)، موجاهدینی خەلق و هەڵوێستی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٦٤- ١٩٩٤)، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

یارئەحمەد, ژیلوان لەتیف (٢٠١٧)، مێژووی بزاڤی چەپ لەوئێران هەڵوێستی بەرانبەر بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان, چاپخانەی حەمدی, سلێمانی.

**وەرگێردراوەکان بۆ زمانی کوردی**

السبکی، امال کامل(٢٠١٣)، مێژووی سیاسی ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا ١٩٠٦– ١٩٧٩، و: شەماڵ ئەحمەد، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

ئەحمەد ومراد، ئیبراهیم خەلیل، خەلیل عەلی (٢٠١١)، مێژووی ئێران و تورکیا، و: بەهادین جەلال مستەفا، ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ڕۆمانۆ، دەیڤد (٢٠٢٠)، بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە, و: هۆمەر فەیزی، ، دەزگای ڕۆشەنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران, سلێمانی.

قەترانی، مورتەزا عەبدولحوسێن(٢٠٢٠)، شاپور بەختیار"توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە سەبارەت بە ڕۆڵ و خەباتی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا"، و: بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی یاد، ب. ش. چ.

کەنداڵ و ئەوانی دی(٢٠٠٢)، گەلێکی پەژمۆدە و نیشتیمانی پەرت، و: گۆمەی لەزمانەکانی عەرەبی و فارسی، (ب. ش. چ)، سوید.

دێشنەر، گۆینتەر (١٩٩٩)، کورد گەلی لە خشتە براوی غەدرلێ کراو، چ٢، و: حەمە کریم عارف، چاپخانەی ڕۆشەنبیر, هەولێر.

یان یەریە(٢٠٠٤), دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ئێران, و: فایەق سەعید، ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر.

**ج_ بە زمانی عەرەبی**

أمل حمادة(٢٠٠٨), الخبره الایرانیة الانقال من الثورة الى الدولة,ط١, , مکتبة مؤمن قریش بیروت.

الخرسان، صلاح(٢٠٠١)، التيارات السياسية في كردستان العراق, قراءة ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١,ط١, موسسة البلاخ للطباعة والنشر والتوزيع, بيروت.

جليل,جليلى و أخرون(٢٠١٢), الحركة الكوردية فى العصر الحديث, ت: عبدي حاجي, مطبعة خانى, دهوك.

خيالي، لقمان(٢٠١١), الجبهة الوطنية و دورها في السياسة الداخلية الايرانية، م روون(د. م. ط).

الزبيدي، كريم مطر همزة(ب,س)، تاريخ ايران الحديث, د. م, ط.

صابر, فرح (٢٠١٣), رضا شاه بهلوي التطورات السياسية في ايران ١٩١٨-١٩٣٩(, منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.

نراغي، احسان(١٩٩٣)، من بلاط الشاه الى سجون الثورة، ط١، دار الساقي, بيروت.

**د- به زمانی فارسی**

بهنود، مسعود(١٣٧٨)، ٢٧٥ روز بازرگان، نشر علم، تهران.

توكلى، محمد رئوف (١٣٦٣)، جغرافيا و تاريخ بانه كردستان,چ٢، چاپخانه سهيل، ب، م، چ.

على منظمى(١٣٩٢)، انديشه‌هاى قاسملو درباره دمكراسى براى ايران كثيراللمله، اتحاديه‌ى دانشجويان دمكرات كردستان ايران، اربيل.

م. س. لازاریف, دیگران(١٣٩٦)، کردستان معاصر مسائل جنبش کرد, ت، دکتر کامران امین اوه، روشنگری، المان.

**حەوتەم : دیمانەو پەیوەندیی تەلەفۆنی**

**دیمانە**

چاوپێکەوتن لەگەڵ بابە شێخ حوسێنی، هەولێر٥تەموزی ٢٠٢١).

چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلامحەمەد شەڵماشی, سلێمانی (١٣ئەیلولی٢٠٢١).

**پەیوەندیی تەلەفۆنی**

پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ شێخ ڕەئوف حوسێنی٢٢حوزەیران٢٠٢١.

پەێیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدڵلا حەسەن زادە، ٢٥ئەیلولی٢٠٢١.

پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ مەلا رسول پێشنماز، ١٩ئەیلولی٢٠١٢.

پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ د. دلشاد زاموا ٢٣سبتمبری ٢٠٢١.

هەشتەم: خولاوەکان

**گۆڤارەکان**

سەفا, ئەحمەد ( ٢٠٠٨), مامۆستا شێخ جەلالی حوسینی لە دیمانەیەکی تایبەتدا, ژمارە جمک(٢-٣)[گۆڤاری k21], هەولێر.

سەفا, ئەحمەد ( ٢٠١٠), شێخ جەلالی حوسینی خەباتکاری ماندوونەناس، شاعیری نەتەوە پەروەر، دامەزرێنەر و ڕابەری سازمانی خەباتی ئێران چووە ڕیزی نەمران، ژمارە (٩) گۆڤاری (k21), هەولێر.

## ڕۆژنامەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

ئەحمەدئاوایی، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد(٢٠ی دیسێمبەری ٢٠١٦)"شێخ جەلالی حوسێنی ڕابەڕێکی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات" باس نویس(ڕۆژنامە)، ژ(٣١٥).

ئەردەلان, بێهرۆز(٢٠١٠)"٢٨ی گەلاوێژ، خۆڕاگری کوردستان و ئیرادەی مامۆستا سەید جەلال حسێنی"تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٢٧).

بەهرامی, عەلی (٢٠١٦)"مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی، چۆڵە چرای ڕێبازی کوردایەتی"تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٦٠).

بەهرامی, عەلی(٢٠١٠) "بەیادی ئەوڕێبەرەی کە بۆساتێ هەدای نەدا"تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٢٧).

بەهرامی, عەلی(٢٠١٩)"٢٨ی گەلاوێژ رۆژێکی تاڵ، سەرەتای شۆڕشێکی رەوا"تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٣١١).

بەهرامی, عەلی"چەند دێڕێک لەسەر ژیان تێکۆشانی زاناو شاسواری ڕێبازی ئازادی کوردو کوردستان(مامۆستا سەید جەلال الدین حسێنی). تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٢٧).

بەهرامی، عەلی( ٢٠-٨- ٢٠١٩) "٢٨ی گەلاوێژ رۆژێکی تاڵ، سەرەتای شۆڕشێکی رەوا"تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ(٣١١).

حسێنی، مەلا سەید ڕەئوف (٢٠١٠) کورتەیەک لەسەر خەبات و ژیانی مامۆستا، تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ(: ٢٢٧).

حسینی، سەید جەلالی (ژ. ت)، کورتەیەک لە ژیان نامەی مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی بە پێنووسی مامۆستا سەید جەلال الدین حسینی، تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ، (ب. س. چ).

وتوێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری k21 " (٢٠٠٩) تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٠٩).

فەرد، سەید کامیل نورانی(٢٠١٠) تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٢٧).

فەیزیان, کەریم(٢٠١١), چەند دێڕێک لەسەر ئەو رێبەرەی بۆ گەل ژیا!, تێکۆشان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٣٥).

ماڵپەڕی بەیان(٢٠١٠),وتووێژی ماڵپەرڕی بەیان لەگەڵ بەڕێز کاک بابە شێخ حسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، تێکۆشان(ڕۆژنامە) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ژ: (٢٢٧).

**دووەم: بە زمانی فارسی**

اطلاعات شماره ١٥٧٧٦، يكشنبه ١٥ی بهمن ماه ١٣٥٧.

بدون اسم، اخطار امام به سران ارتش و ژاندارمری در مورد پاوه، ژ: (١٥٩٣١)روزنامه اطلاعات(٢٧مرداد ماه ١٣٥٨).

بدون اسم"امام امد، ژ: ( ١٥٧٧٣)اطلاعات(پنجشمه. ١٢یَ بهمن ماه ١٣٥٧).

خليل بهرامی، ٤٠ نفر درسنندج، مريوان و سقز تير باران شدند, ژ: (١٥٩٤٠)روزنامه اطلاعات(٦سپريودماه ١٣٥٨).

**ملخص:**

ثورة الشعوب الايرانية في عام (١٩٧٩) انعطافة تاريخية مهمة أدت الى انها السلطة الملكية في البلاد حيث كان البعض الشخصيات السياسية والدينية والقومية دورا كبيرا في تحقيق اهداف الثورة, ومن هؤلاء الشيخ جلالدين الحسيني الذي كان يتمتع بتقدير واحترام كبيرين وظهر كقائد ميداني بارز في الحركة التحررية الكردية في ايران من النواحي الدينية والسياسية والثقافية وتجلى ذالك من الخلال خطبه في التجمعات الجماهرية مابين سنين(١٩٧٨-١٩٧٩), وكذالك بعد السيطرة على مدينة بانة واختياره رئيسا لمجلس الشورى في هذه المدينه, حيث كان له دور كبير في احلال السلام. ولكن الذي يلاحظ ان التغيرات والاحداث الساسية في هذة الثورة كانت متسارعة الى حدما و خاصة بعد تأسيس الجمهورية الاسلامية حيث قلت الفرص امام القيادة الكردية من خلال هذالسلام ضمن اطار هذ الوضع الجديد للوصول الى حقوقهم المشروعة وهو الحصول على الحكم الذاتي.

**Abstract:**

The Iranian revolution that started in 1979 was an important and historic turning point. This revolution ended the monarchy's rule in the country. Many politicians, religious scholars and nationalists had an important role in this revolution, including Sheikh (Jalaluddin Hosseini), who emerged as a political, religious and cultural figure in the field of the revolutionary movement in Iranian Kurdistan.

This man increased his fame among the masses through seminars and meetings in the period between 1978 -1979. After the revolutionaries took control of the city of Banah, he was elected by the people as the head of the council in the city.

During his presidency, he played an important role in establishing and spreading security and peace in post-revolution Iran. However, the political events after (Khomeini Revolution) death were so sudden that the Kurdish leaders could not have enough time and opportunity to receive their rights and perform their duties during this period, so these demanded rights were within the right to self- governance.